# بارزانی

## ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل

# بارزانی

وەرگێڕانی

**مەهدی خۆشناو**

شانۆگەرییەکە بۆ مێرمنداڵان
بۆ قۆناغی (12–14 ساڵانە)

کوردستان 2003 هەولێر



ناوی کتێب: بارزانی – شانۆگەریی منداڵان
نووسینی: ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل
وەرگێڕانی لە عارەبییەوە: مەهدی خۆشناو
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ۱۷۹
دەرهێنانی هونەری: شاخەوان کەرکووکی
بەرگ: شکار شێخ عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
کۆمپیوتەر: دلاوەر صادق
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر– ۲۰۰۳
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (۷٦)ی ساڵی ۲۰۰۳ی دراوەتێ

**پێشکەشی**

**گیانی ئیسماعیل ئۆسێی بابم بێ،**

**کەوێنەی بارزانیی بەدیواری دڵمەوە**

**هەڵواسی و... زووش ماڵئاوایی لێ کردم.**

**ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل**

# پێشەکی

خوێنەری خۆشەویست

بەشانۆکردنی مێژوو هونەرێکی نوێ نییە، چونکە زۆربەی گەلانی جیهان لە بارودۆخە مێژووییە تایبەت و نائاساییەکاندا پەنایان بۆ بردووە، لەم ئەزموونەشدا ئەنجامی پۆزەتیڤ و باشیان وەچەنگ هێناوە.

لەو پرۆژەیەدا لە کاتێکدا، لە هەوڵی ئەوەداین ژیانی پاڵەوانان و کەسایەتییە مێژووییە مەزنەکانی کورد بکەینە شانۆگەریی، ئامانجی بنەڕەتیمان لابردنی ئەو بەپەراوێزکردن و شێواندن و نائومێدییەیە کە تووشی مێژووەکەمان هاتووە، ئەوە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە دەمانەوێ پەند و نموونەیەکی جوانی چاولێکراو پێشکەشی نەوەی تازە پێگەیشتوو بکەین.

بەڵام بەشانۆکردن مەرجی خۆی هەیە و یەکەم مەرجیش، سەربەستیی هونەرمەندە لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ بابەتە مێژووییەکە و پابەند نەکردنیەتی بەوردەکاری و درێژەی ڕووداوە مێژووییەکە، بۆ ئەوەی هونەر بەسەر مێژوودا سەرکەوێ، بەڵام ئێمە لەم پرۆژەیەماندا هەوڵ دەدەین (لەبەر چەند هۆیەک) کارێک بکەین، جۆرە ئاشتبوونەوەیەک یان ئاشنایەتی پەیداکردنێک بێت لە نێوان دەستپاکی لە ڕووداوە مێژووییەکان و ڕەسەنایەتی هونەردا، بۆ ئەوەی بگەینە ئەو چێژە ئیستاتیکایە و ئەو سوودەی کە چاومان تێبڕیوە لەپێناو ئەوانەی بەرەو پیریانەوە دەچین.

هیوادارین بەپێی توانا لە هەردوو ئاستی هونەری و مێژوویی سەرکەوتووبین و بارودۆخیش ئەو هەلەمان بۆ بڕەخسێنێت تاکو بتوانین بەدوای ئەو پرۆژە –پڕ خۆزگەیە– لە زنجیرەی شانۆگەریی



مێژووییدا بچین، لە هەر هەلقەیەکیشدا لە ژیان و خەباتی کەسایەتییەکی مەزنی کورد بدوێین.

خۆشحاڵین لە هەلقەی یەکەمی ئەم زنجیرەیەدا لە ژیان و خەباتی یەکێک لە مەزنەکانی نەتەوەی کورد: مەلا مستەفای بارزانی بدوێین. چاوەڕێی هاریکاریتانین بۆ سەرخستنی ئەم زنجیرەیە بەپێشکەشکردنی سەرنج و ڕایە بەجێ و وردەکانتان.

**ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل**

## داستانی بارزانی

داستانی ژیانی بارزانی، سەرۆک و ڕەمزی مەزنی نەتەوەکەمان کە بریتییە لە مێژووی قۆناغە هەرە گرنگ و ناسکەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی و خۆناسین و ناساندنی گەلەکەیەتی بەجیهان، وێڕای تەمەنی درێژی ئەو خانەوادە ناسراوە لە نێو خەباتی کوردانەی ڕاستەقینە و مرۆڤدۆستانەی کوردستانیدا، خەباتی (مەلا مستەفا) لە نێو ئەو تۆمارە گەورەیەی کورد و لە نێو ئەو مێژووە و مێژووی خانەوادەی بارزانیدا، ئەگەر مانای خەباتی تێکڕای نەتەوە و نیشتمانێک نەگەیەنێ، ئەوە بەشی هەرە زۆری ئەو مێژووە پڕ سەروەرییەیە، چ لە سەرکردایەتی کردنی ڕاستەوخۆی بێ، چ لە کارتێکردن و کاریگەریی پشتیوانی لێکردن و بزواندنی هەستی نەتەوایەتی بێ لە هەموو لایەکی کوردستانی گەورە یان هەر لایەکی دونیا بێ کە کوردێکی لێ بووبێ. هەروەکو ئەمڕۆش خەبات و دەسکەوتە گەورەکانمان لە ئازادیدا، بەردەوامی هەمان تێکۆشان و هەمان کاروانە، وەلێ جگە لە نووسینەوەی مێژووی سیاسی و سەربازیی و پێشمەرگانەی بارزانی، هێشتا ئەدەب و هونەری کوردی بەشێوەیەکی گشتی بەو مێژووە و بەشۆڕشی مەزنی ئەیلول و ڕووداو و و مەرگەساتەکانی وەکو ئەنفال و کیمیاباران و وێرانکردنی کوردستان نەوێراوە و دەرەقەتی نەهاتووە، ئەگەر شیعر لە بوارەکانی دی پتر ڕووبەرێکی داگیرکردبێ، کەچی ئەویش نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی دەبوایە بیگاتێ، لە ڕۆمان و چیرۆک و شانۆگەریی، ئەگەرچی چەند هەوڵێکیش لەم بوارەدا هەیە، لە هەندێ دەقدا، بەتەواوی یان بەبەش و بەهێما، پەنجەی بۆ درێژکراوە، لەوە پتر کاری گەورە نەکراوە هەروەک هونەری کوردی لە سینەما، درامای تەلەفزیۆنی،



شانۆ، شێوەکاری، پەیکەرتاشی، مۆسیقا، گۆرانی، هەنگاوێکی شایستەی لەم پێناوەدا نەهاوێشتووە. هەرچەندە گومانی تێدا نییە مێژووی کورد بەگشتی و مێژووی بارزانیش وەکو ڕەمز، یان کەسێکی ڕاستەقینەی ئەفسانەیی کاریزما، ئەگەر تا ئێستاش قەڵەم و هزر و ئەندێشە و پەنجە و هەوڵەکانی ئەدیب و هونەرمەندانی کورد و غەیرە کورد، لەو گەنجینە دەوڵەمەند و کەم وێنەیە سوودیان وەرنەگرتبێ (وەک سەرمایەیەکی نیشتمانی و ئینسانی) بەدڵنیاییەوە دەڵێم نەکەس دەتوانێ واز لە مێژووی نەتەوەکەی بێنێ، نە ئەدەب و هونەری کوردیش لە دەرەوەی مێژووی نیشتمان و نەتەوەکەیدا شتێکە...! بۆیە ئێستا و ئایندەش زامنی خوڵقاندن و ئەفراندن و سەرفرازیی بوونە لەو مێژووە، کە سەدان شاکار و نموونە و کاری نەمریی لە پانۆڕامایدا دەڕسکێ و دەخوڵقێ.

ئەم بەرهەمەی (ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل)یش، یەکێکە لەو بەرهەمە جوان و سەرکەوتووانەی وەڵامێکە بۆ ئەو پرسانەی کە ڕووبەڕووی ئەدیب و هونەرمەندان دەبێتەوە و دەقێکە دەچێتە خانەی نەمرییەوە، نووسەر ڕاستییەکانی لەو مێژووەوە هەڵێنجاوە و دەوری هەموو لایەنەکانی کردۆتەوە و بەخوێندنەوەیەکی ئاقڵانە و وەستایانە و دەستڕەنگین لە چوارچێوەی ئەدەبێکی باڵادا مێژووی لە ئاوێتەی هونەرێکی بەرزدا بۆ جارێکی دی خوڵقاندۆتەوە و هەر بەوشکی و برینگی خۆیەوە وەرنەگرتووە، چونکە لە کانیلەی ڕۆحی پاکژی منداڵان و بەر بارانی نەورۆزی ڕەباس کردووە.

**خوێنەری خۆشەویست!**

پایزی ئەمساڵ لەگەڵ چەند برادەرێکی نووسەر و شاعیر سەردانێکی وڵاتی سوریامان کرد، کە لە شارەکانی قامشلی و عفرین و حەلەب و شام... چاومان بەدەیان شاعیر و نووسەر و هونەرمەند و

رۆشنبیر کەوت، هەروەها چاومان بەژمارەیەکی زۆریش لە ئەدیبانی عارەبی (عێراقی و سوریایی) کەوت، بەتایبەتی لە لازقیە و شام لە نێو ئەو ژمارەی خوشک و برا ئەدیبە کوردەکانماندا، پتر لە چوار پێنج جاران لەگەڵ چیرۆکنووس و شانۆگەری نووسی ناسراو ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل، پێک گەیشتین و بەگەرمی و بەپەرۆشەوە باسمان لە ڕەوشی شانۆی کوردی و بەتایبەت باسمان لە هەژاریی شانۆی منداڵان کرد و تا هاتە سەر باسی ئەو پرۆژەیەی کە بەنیازە بەزنجیرە، مێژووی سەرکردە و ناودارانی کورد، بکاتە شانۆگەریی و پێشکێشی منداڵانی بکات.

لە دەستپێکیشدا، مێژووی ژیانی بارزانی نەمری کردۆتە چرای دەستی بۆ گەیشتن بەئامانج و دوا قۆناغی پرۆژەکەی و دۆزینەوەی ئەو هەموو مێژووە پڕ سەروەرییەی سەرکردەکانمان و سڕینەوەی ئەو غەدر و تاوانانەی دژی مێژووە ڕاستەقینە و دروستەکەمان کراوە، خۆشبەختانەش نووسەر و دڵسۆزێکی وەکو کاک ئەحمەد، شانی داوەتە بەر ئەم ئەرکە قورس و پیرۆزە، چونکە بەهرە و سەلیقە و شارەزایی ئەو نووسەرە کوردە، هەم پرۆژەکە بەردەوام و سەردەخات، هەم لە ڕووە هونەریی و مێژووییەکەشەوە، دەسەڵاتی پێ دەشکێ.

بەڵام مەسەلەی چاپکردنی کتێب بۆ نووسەرانی کورد لەوێ زۆر گرفتی لەڕووی ماددی و سانسۆرەوە دێتە پێش و کتێب چاپکردن کارێکی سانا نییە، بۆیە دەسنووسی شانۆگەریی (بارزانی)م لەگەڵ خۆمدا هێنایەوە هەولێر، بەمەبەستی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی، کە قسەی ئەوەشم لەگەڵ کرد، ئەگەر بکرێ شانۆگەرییەکە وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی، کاک ئەحمەد ئەوەی یەکجار پێ خۆشتر بوو، بۆیە هەر لەگەڵ گەڕانەوەمدا شانۆگەرییەکەم وەرگێڕایە سەر زمانە شیرینەکەمان.



هیوادارم کتێبخانە و شانۆی کوردی، بەبەرهەمە جوان و سەرکەوتووەکانی ئەم نووسەرە بەتوانایە کەلێنێکی لێ پڕببێتەوە و بەتایبەتیش شانۆی منداڵان، هەرچەندە برای نووسەرمان بەزمانی عارەبی دەنووسێ، بەڵام چونکە ناوەرۆک و ئامانجی پرۆژەکەی (لە هەگبەی بەتلیسی)دا خۆمانەیە و بۆ کورد و کوردستانە، بۆیە کاتێ دەکرێتە کوردی خەسڵەت و مۆرکی کوردانەی لێ دەتکێ.

بەشانۆکردنی مێژووی گەلەکەشمان بەم دید و هەناسە نەتەوەیی و نیشتیمانییە پێشکەوتووە مرۆییەوە، بەدارشتنێکی زیرەکانە و هونەریی سەرنجڕاکێش. لەلایەن نووسەرێکی کوردستانی ڕۆژئاواوە تام و بۆیەکی تر و مۆژدەیەکی ترە بۆ دواڕۆژی ڕۆشنبیریی و پەروەردەکردنی نەوەکانمان.

خۆزگە ئەم دەقەش دەکرایە شێوەزاری کرمانجی سەروو و بەتیپی لاتینیش چاپ دەکرا، هەروەها نەک تەنیا لە سەرانسەری کوردستان، لەسەر تەختەی شانۆ، بەڵکو لە قوتابخانەکانی ناوەندیش نمایش دەکرا، لەوەش گرنگتر و شایانتر ئەوەیە ئەم دەقە بکرێتە درامای تەلەفزیۆنی.

**مەهدی خۆشناو**
**٢٠٠٢/١١/٢٠**
**هەولێر**

## کەسایەتییەکانی ئاستی یەکەم:

١- شەرەفخانی بەتلیسی - مێژوونووسی ناسراوی کورد، خاوەنی کتێبی شەرەفنامە
٢- میران - منداڵ
٣- سازڤان - منداڵ
٤- زانا - منداڵ
٥- محەمەد - منداڵ
٦- سامان - منداڵ
٧- سۆلین - منداڵ



## کەسایەتییەکانی ئاستی دووەم

١- مەلا مستەفای بارزانی (سەرۆک و پاڵەوانی کورد)
٢- شێخ ئەحمەد (برا گەورەی مەلا مستەفا)
٣- جەنەڕاڵ ڕۆبنسۆن - ئەفسەری ئینگلیز
٤- دوو سەرباز لە هێزەکانی میریی
٥- حەمۆی پێشمەرگە
٦- پیرەمێردەکە
٧- نوعمانی مێرمنداڵ
٨- لاوەکە
٩- محۆی شوان
١٠- دیلەکە
١١- چەند پێشمەرگەیەک

# بەشی یەکەم

**(شوێن: گۆڕەپانێکی گشتییە، منداڵەکان ئاگر دەکەنەوە و ئینجا گۆرانی دەڵێن و بەدەوریدا هەڵدەپەڕن، شەرەفخانی بەتلیسی دێت و هەگبەیەکی بەکۆڵەوەیە، منداڵەکان پێی دەحەسێن و واز لە سەماکردنەکەیان دێنن و بەترس و سەرسامییەوە بەگوێی یەکدیدا دەچرپێنن).**

**سۆلین:** ئەوە کێیە؟

**محەمەد:** سۆلین ئەوە کەسێکی غەوارەیە.

**سامان:** زۆریش پیرە.

**سازڤان:** هاوڕێیان مەترسی هیچتان لێی نەبێ، پێ ناچێ ئەو پیرەمێردە پۆلیس بێت.

**منداڵەکان:** (**بەترسەوە**) پۆلیس؟!

**سازڤان:** دڵنیابن.

**میران:** سازڤان ئەو کەشکۆڵە چییە پێیەتی؟!

**سازڤان:** نازانم.

**زانا:** برادەران کتومت بەو دەچێ..

**سۆلین:** زانا بەکێ دەچێ؟

**زانا:** ئەو ڕدێنە سپی و درێژە... هەر بەڕدێنی ئەویش دەچێ.

**سامان:** بەڕدێنی کێ دەچێ زانا؟

**زانا:** بابە نوێل.

**منداڵەکان:** بابە نوێل؟!

**زانا:** بەڵێ باشی تەماشاکەن.

**(منداڵەکان لە بابە نوێل ورد دەبنەوە)**

**محەمەد:** ئێ بەخوای ڕاست دەکەی.

**میران:** محەمەد ئایا ئەو پیرەمێردە بابە نوێلە؟!



**محەمەد:** بەڵێ میران.

**منداڵەکان:** بابە نوێل؟

**(بەرەو پیری دەچن و بەخۆشییەوە گۆرانیش دەڵێن)**

بابە نوێل... بابە نوێل... بەخێربێی بەخێربێی بابە نوێل.

**بەتلیسی:** (بەسەرسوڕمانەوە) بابە نیم منداڵەکان من...

خۆشەویستەکانم گوێ بگرن، لێم گەڕێن قسان بکەم خۆشەویستەکانم...

**(منداڵەکان گۆرانیی جەژنی لەدایکبوون دەڵێنەوە و لە چواردەوری بەتلیسی دەسووڕێنەوە)**

**منداڵەکان:** ئەو شەو جەژنە، ئەو شەو جەژنە.

**بەتلیسی:** (**بەخۆشییەوە**) سوپاس، سوپاس قشتیلەکان. بەڵام من ئەوە نیم

**زانا:** بابە نوێل، هاتوویە سەردانمان؟

**بەتلیسی:** بەڵێ کوڕەکەم، بەڵام...

**منداڵەکان:** (بەخۆشییەوە) هێی...

**(بەخۆشییەوە گۆرانی دەڵێن و بەچوار دەورەی بەتلیسیدا دەسووڕێنەوە)**

شەو باش...

شەو باش...

بابە نوێل، بەخێرهاتی
تۆ بارانی، خێر و هاتی
بابە نوێل هاتی هاتی
بۆ نێو دڵی ئێمە هاتی
هات هات هات، بابە نوێل هات
بەهەگبەی پڕ نوقڵ و خەڵات

**سازڤان:** (بەپەرتاوی) هاوڕێیان گوێ بگرن... تۆزێک بێدەنگ بن.

**(هەموو بێدەنگ دەبن)**

**محەمەد:** سازڤان، چی ڕوویدا؟

**زانا:** هاوڕێم دە بڵێ

**سازڤان:** کێ ناوی ئەو مانگەم پێ دەڵێ کە تێیداین چ مانگێکە؟

**میران:** ئەم مانگە مانگی ئادارە.

**سازڤان:** ئافەرین میران، ئەدی کێ دەزانێ ئەمڕۆ چەندی مانگە؟

**سامان:** ئێ، ئەمڕۆ خۆ بیستی ئادارە.

**سازڤان:** ئافەرین سامان.

**زانا:** سازڤان بۆ ئەو پرسیارانە دەکەی؟

**سۆلین:** مەبەستت لەو پرسیارانە چییە؟

**سازڤان:** سۆلین با بەئاشکرایی پێت بڵێم

**(بەنیگایەکی خێرا تەماشای بەتلیسی دەکا، لە هەمووان دوور دەکەوێتەوە، بەهێمایەکی بەپەلە بانگی هاوڕێیانی دەکا، منداڵەکان چواردەورەی دەگرن و چرپە چرپیانە)**

**سامان:** ئەرێ وەڵڵا

**سۆلین:** ئەوە ڕاستە سازڤان.

**میران:** بەڵێ، ڕۆژی ٣١ی مانگی کانوونی یەکەم - شەوی سەری ساڵە، نەک ڕۆژی ٢١ی ئادار.

**سامان:** دەبێ ئەو پیرەمێردە کێ بێ؟

**سازڤان:** نازانم.

**بەتلیسی:** منداڵینە چ ڕووی داوە؟

**(هیچ یەکێکیان وەڵام نادەنەوە)**

بۆ ئەوها تەماشام دەکەن؟!

**میران:** خاڵە تۆ کێی؟

**سامان:** ئەدی بابە نوێل نی؟



**بەتلیسی:** نەخێر

**منداڵەکان:** نەخێر؟!

**محەمەد:** ئەدی تۆ کێی؟!

**بەتلیسی:** من شەرەفخانی بەتلیسیم.

**منداڵەکان:** شەرەفخانی بەتلیسی؟!

**بەتلیسی:** بەڵێ، من خاوەنی کتێبی شەرەفنامەم، ئایا گوێتان لێی نەبووە؟

**منداڵەکان:** (بەگرژییەوە) مخابن.

**سۆلین:** وام دەزانی ئەم هەگبەیە پڕ دیارییە.

**سامان:** منیش هەروەها.

**محەمەد:** بەڵام بابە نوێل نییە.

**منداڵەکان:** بەداخەوە.

**بەتلیسی:** دڵنیابن خۆشەویستانم.

**منداڵەکان:** دڵنیابین؟!

**بەتلیسی:** بەڵێ چونکە بەڕاستی ئەم هەگبەیە پڕ دیارییە.

**منداڵەکان:** پڕ دیارییە؟!

**بەتلیسی:** بەڵێ

**سامان:** پێشکێشی کێی دەکەی؟!

**زانا:** ئایا پێشکێشی ئێمەی دەکەی؟!

**بەتلیسی:** بەڵێ.

**منداڵەکان:** بەئێمە؟

**بەتلیسی:** بەڵێ خۆشەویستانم، ئەوە دیاریی شەوی سەری ساڵە.

**منداڵەکان:** هێی... **(لە ناکاو بێدەنگ دەبن)**... سەری ساڵ؟!

**بەتلیسی:** بەڵێ، ژیکەڵەکان.

**محەمەد:** بەڵام خاڵۆ سبەی سەری ساڵ نییە.

**میران:** ئەوە وایە خاڵۆ.

**بەتلیسی:** بەڵێ منداڵینە ئەوە جەژنی سەری ساڵە

**(منداڵەکان بەسەرسامییەوە تەماشای یەکدی دەکەن)**

ئەی خۆشەویستانم ئەوە جەژنی سەری ساڵی کوردییە.

**منداڵەکان:** جەژنی سەری ساڵی کوردی؟!

**بەتلیسی:** بەڵێ قشتیلەکان جەژنی نەورۆزە.

**منداڵەکان:** نەورۆز؟

**بەتلیسی:** نەورۆز دیارییەکی زۆری بۆ ناردوون، ئەوە لەنێو ئەو تووڕەگەیەدایە.

**منداڵەکان:** (**بەخۆشییەوە**) هێی

**(... بەرەو دەرەوە دەردەپەڕن)**

**بەتلیسی:** منداڵینە بۆ کوێ دەچن؟

**منداڵەکان:** دەچین دەخەوین.

**محەمەد:** ئەو شەو هەر زوو دەخەوین.

**سۆلین:** دەچم دەنووم و خەونیش بەدیارییەوە دەبینم.

**زانا:** تۆپێکی *فوتبۆڵی* جوانم دەوێ.

**میران:** منیش پێڵاوێکی جوانی وەکو پێڵاوی *ڕۆناڵدۆ*م دەوێ.

**سامان:** منیش بووکۆکەیەکی قژکاڵی وەکو خۆمم دەوێ.

**سۆلین:** منیش بووکۆکەیەکی ڕەشتاڵە و جوانی وەکو خۆمم دەوێ.

**سامان:** (**بەقەشمەرییەوە**) تۆ جوانی؟

**سۆلین:** ئێ وایە جوانم.

**سامان:** کێ وای پێ گۆتی؟

**سولین:** دایکم، ئەو هەمیشە دەڵێ سۆلین جوانترین کچی گەڕەکە!

**سامان:** (**پێدەکەنێ**) تۆ؟

**محەمەد:** برادەران دەبا بڕۆین بنووین.

**سازڤان:** ئاخر زۆر دواکەوتین. (**دەڕۆنە دەرەوە**).

**منداڵەکان:** دەی...

**(خەریکن بچنە دەرەوە)**



**بەتلیسی:** منداڵینە چاوەڕێ بکەن.

**منداڵەکان:** بۆچی؟

**بەتلیسی:** خۆشەویستانم وەرن لێم نزیک ببنەوە.

**منداڵەکان:** بەڵام...

**بەتلیسی:** وەرن نزیکتر ببنەوە، ئەدی ناتانەوێ دیاری خۆتان وەدەسکەوێ؟

**منداڵەکان:** بەڵێ.

**بەتلیسی:** ژیکەلەکان، دیارییەکان جوان و دڵڕفێنن، دەی وەرن نزیک ببنەوە.

**(منداڵەکان دەورەی دەدەن، تەماشای دەکەن، ئەویش جۆرکەکەی دەکاتەوە)**

تەماشاکەن، باشی تەماشا بکەن خۆشەویستانم، ئەوە دیارییەکانن کە نەورۆز بۆتانی ناردووە.

**(چەند کتێبەکی مێژوویییان دەخاتە بەرچاو)**

**زانا:** کوا تۆپەکەی من؟!

**میران:** کوا پێڵاوەکەی من؟!

**سۆلین:** کوا لەیستۆکە جوانەکەی وەک خۆم جوان؟

**سامان:** کوا لەیستۆکەکی قژکاڵی وەک خۆم؟

**سازڤان:** لە چەند کتێبێک بەولاوە، شتێکی دی نابینم.

**محەمەد:** سەیرە!

**سازڤان:** خاڵۆ ئەدی کوا لەیستۆکەکان؟

**بەتلیسی:** خۆشەویستانم، هیچ لەیستۆکەکم لەگەڵ خۆمدا نەهێناوە.

**منداڵەکان:** ئۆه.

**میران:** ئەدی بۆ هاتووی؟

**سازڤان:** پێتانم گوت، ئەوە بابە نوێل نییە.

**زانا:** نەهیچ بابەیەکیشە.

**سامان:** ئەرێ وەڵڵا.

**بەتلیسی:** ئازیزانم، تەماشای ئەو دیارییانە بکەن ئەوە دیارییەکی یەکجار بەنرخە، ئەوە سەربوردەی میرنشینی سۆرانە **(کتێبێکیان دەخاتە بەرچاو)**.

**منداڵەکان:** (بەحەپەساوییەوە) سەربوردەی میرنشینی سۆران؟!

**بەتلیسی:** بەڵێ ئەوەش دیارییەکی دیکەیە، وەرن و تەماشای کەن، ئەوە سەربوردەی میرنشینی بۆتانە،

**(پەڕی کتێبێکی دیکە هەڵدەداتەوە)**

**منداڵەکان:** میرنشینی بۆتان؟!

**بەتلیسی:** بەڵێ ئەوەش ژیننامەی شێخ مەحموودی حەفیدە، ئەوەش ژیننامەی شێخ سەعیدی پیرانە، ئەوەش ژیننامەی جگەرخوێن و ئەوەش ژیننامەی...

**(منداڵەکان بەنائومێدییە و لێی دوور دەکەونەوە)**

چاوەڕێ کەن منداڵەکان مەڕۆن، ئەدی ناتانەوێ دیاریتان دەستکەوێ، ئەوانە دیاری ئێوەن، ئەو دیارییانەی نەورۆز بۆی ناردوون، دیاری نەورۆز ڕەت دەکەنەوە؟! دەنا باشە، دەبێ نەورۆزیش لەو ڕاستییە ئاگادار بکەمەوە.

**(منداڵەکان ڕادەوەستن)**

پێی دەڵێم: ئەی نەورۆز، ئەوا منداڵانی کورد دیارییەکانی تۆ ڕەت دەکەنەوە، ئەوساش نەورۆزتان لێ تووڕە دەبێ. زۆریش زویر دەبێ.

**(منداڵەکان بەسەرسوڕمانەوە تەماشای یەکتر دەکەن)**

ئەو کاتیش کە عادز دەبێ جارێکی تر نایێتەوە لاتان.

**منداڵەکان:** بۆ؟

**میران:** نایێ؟!

**بەتلیسی:** بەڵێ دەچێتە لای منداڵەکانی دی...

**(بەتلیسی دەیەوێ بچێتە دەرەوە)**

ئێستاش منداڵینە تا پێکگەیشتنێکی دی، دەیماڵئاوا... ماڵئاوا



**(منداڵەکان، تەماشای یەکتر دەکەن، ئەوجا بەدەم گۆرانی گوتنەوە خێرا، دەچنە لای)**

**منداڵەکان:**

بەخێرهاتی، شەرەفخانێ
بەخێرهاتی، لە لای وانێ
لە هەولێرێ، لە بابانێ
دە چیرۆکی هەبوو نەبوو
ڕۆژگاری ئێستا و ڕابردوو
لە سابلاغێ، لە بارزانێ
هەقایەتێ، بگێڕەوە
هەبوو نەبوو، مێژوویێک بوو
گەلێک هەیە، ئازا و مەردە
دەستوبردە، ناوی کوردە
مانای بەزین قەت نازانێ
بەخێرهاتی، لە جزیرێ
لە سابلاغێ، لە بارزانێ

**بەتلیسی:** من ئامادەم، ئامادەم ڕۆڵەکانم، ئەوە چیرۆکی هەبوو نەبووتان بۆ دەگێڕمەوە.

**منداڵەکان:** (بەخۆشییەوە) هێی...

**بەتلیسی:** هەبوو نەبوو... گوێ بگرین یان بنووین؟

**منداڵەکان:** گوێ دەگرین

**بەتلیسی:** باشە، بەڵام لە کوێوە دەست پێ بکەین؟، لە چیرۆکی ژیانی بەدرخان، یان لە سەرگوزەشتەی مەهابادێ؟، یان لە چیرۆکی ژیانی سەید ڕەزا؟ یا...

**منداڵەکان:** بابە بەتلیسی جیاوازیان نییە.

**بەتلیسی:** زۆر باشە قشتیلەکانم، جیاوازی لە نێوان چیرۆکی بۆتان و مەروان و ژیننامەی پێشەوا قازی و شێخی نەمر نییە، بەڵام...

**(بێدەنگ دەبێ و بیر دەکاتەوە)**

**منداڵەکان:** بابە بەتلیسی بۆمانی بگێڕەوە.

**بەتلیسی:** (**بەشادییەوە**) ئامادەم ئەی ڕۆڵەکانم، ئا ئەوە دۆزیمەوە، چیرۆکێک گێڕانەوەی بۆ ئێستا بشێ.

**(بەدڵخۆشییەوە لە کتێبێک ڕادەمینێ و لە نیگای منداڵەکانی دەشارێتەوە)**

**منداڵەکان:** ژیننامەی کێیە؟

**بەتلیسی:** منداڵینە گوێ بگرن، کێ لە ئێوە لە بیریەتی، شەش ڕۆژ لەمەوبەر نەتەوەی کورد یادی چ بۆنەیەکی کردەوە،

**(منداڵەکان بەسەرساماییەوە بیر دەکەنەوە)**

**میران:** بەر لە شەش ڕۆژ؟

**بەتلیسی:** بەڵێ

**محەمەد:** واتا لە شەشی ئەم مانگە؟

**بەتلیسی:** نەخێر.

**سازڤان:** بەڵکو لە چواردەی ئەم مانگە هەی تێگەیشتووەکان...

**بەتلیسی:** ڕاست دەکەی سازڤان، لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ لەم مانگەدا، واتا لە چواردەی مانگی ئادار و بەر لە سەد ساڵ، یەکێک لە پاڵەوانە مەزنەکانی گەلەکەمان لە دایک بوو، جا... ئەو پاڵەوانە کێیە؟!

**(منداڵەکان بیر دەکەنەوە و پرسیار لە یەکتر دەکەن)**

**زانا:** بابە بەتلیسی ئەم پاڵەوانە لە کوێ لە دایک بووە؟

**بەتلیسی:** زانا، لە کوردستانی عێراق لە دایک بووە.

**میران:** ئەم پاڵەوانە لە چ شارێکی کوردستانی عێراق لە دایک بووە؟

**بەتلیسی:** میران، لە هەولێرێ،.

**(منداڵەکان بەسەرساماییەوە بیر دەکەنەوە)**



**سۆلین:** لە چ گەڕەکێک لە دایک بووە؟

**بەتلیسی:** لە گەڕەکێکی شاری هەولێر لە دایک نەبووە.

**منداڵەکان:** چییە؟!

**بەتلیسی:** بەڵکو لە یەکێک لە گوندەکانی سەر بەشاری هەولێر لە دایک بووە.

**سامان:** بابە بەتلیسی ناوی گوندەکە چییە؟!

**بەتلیسی:** ناوی... ناوی

**منداڵەکان:** چییە؟!

**بەتلیسی:** ناوی، ئایا نازانن ناوی چییە؟!

**منداڵەکان:** نا..

**بەتلیسی:** باشە، ناوی بارزانە.

**منداڵەکان:** بارزان؟

**بەتلیسی:** بەڵێ.

**منداڵەکان:** (**بەخۆشییەوە**) هێی...

**میران:** زانیم.

**سازڤان:** هەروەها منیش زانیم.

**سامان:** هەروەها منیش.

**بەتلیسی:** باشە...ئەو کێیە؟

**محەمەد:** ئەو پاڵەوانەکە...

**میران:** (**قسەکانی پێ دەبڕێ**) پاڵەوانەکە مەلا مستە...

**سۆلین:** (**قسەکانی پێ دەبڕێ**) پاڵەوانەکە مەلا مستەفایە.

**منداڵەکان:** مەلا مستەفای بارزانی

**بەتلیسی:** ئافەرین ڕۆڵەکانم، ئەو قارەمانە مەلا مستەفای کوڕی محەمەدی کوڕی عەبدولسەلامی کوڕی شێخ تاجەددینی بارزانییە. کە لەدایکبووی...

**منداڵەکان:** (**قسەکانی پێ دەبڕن**)

رۆژی چواردەی ئاداری ساڵی ١٩٠٣

**بەتلیسی:** ئافەرین. **(کتێبی مستەفا بارزانییان پیشان دەدا بەتامەزرۆییەوە هەڵدەکوتنە سەری)**

**منداڵەکان:** (بەخۆشییەوە) هێی...

**(هەڵدەپەڕن و گۆرانییەک دەڵێن)**



## دیمەنی یەکەم

(**شوێن: گوندی کرکاڵە، یەکێکە لە گوندەکانی سەر بەبارزان، زەلامەکانی سەرۆکێکی خۆفرۆشی هۆزێک... هێرش دێننە سەر گوندەکە، ترس و ئاژاوە شوێنەکە دادەپۆشێ**)

**خۆفرۆشی ١:** بەشێخ ئەحمەد بڵێن: ئەو پەلامارەمان دوا پەلامار نابێ.

**خۆفرۆشی ٢:** پێشی بڵێن، ئەگەر لە دەستی دێ با بەرپەچی ئەو پەلامارانە بداتەوە.

**خۆفرۆشی ٣:** دەی کوڕینە با بەپەلە بکشێینەوە.

**خۆفرۆشەکان:** دەی وەرن.

**(دەچنە دەرەوە، لە دوورەوە دەنگ دێت، خەڵکی گوندیش بوزگوڕە پەرت و بڵاوبووەکانیان کۆدەکەنەوە)**

**دەنگی یەکەم:** بکەونە دوایانەوە دەی لاوۆ.

**دەنگی دووەم:** مەلا مستەفای لاو دەکەوێتە دوای پەلاماردەران.

**دەنگی سێیەم:** ئای چەندە جوامێر و ژێهاتییە، دەی برایان بیگەنێ.

**دەنگی چوارەم:** بکەونە دوای پەلاماردەران. دەی بگەنە برای شێخ ئەحمەدی.

## ديمەنی دووەم

**(شوێن: ماڵی شێخ ئەحمەدە، شێخ بەشڵەژاوییەوە لەناو ماڵێ دێت و دەچێت، مەلا مستەفا وەژوور دەکەوێت)**

**مەلا مستەفا:** کاکە، ئەوە لە خزمەتتانم.

**شێخ ئەحمەد:** وەرە مەلا مستەفا.

**مەلا مستەفا:** کاکە چ قەوماوە؟

**شێخ ئەحمەد:** دوژمنان، براکەم.

**مەلا مستەفا:** دوژمنان؟!

**شێخ ئەحمەد:** مەلا مستەفا دوژمنانمان دەیانەوێ سووک و ڕیسوامان بکەن.

**مەلا مستەفا:** چ؟! ئەدی پەندیان لە بەزینی پەلامارەکەی سەر کرکاڵیان وەرنەگرت؟!

**شێخ ئەحمەد:** مەبەستت کێیە؟

**مەلا مستەفا:** هەر خۆفرۆشەکان نین؟!

**شێخ ئەحمەد:** مەبەستم سەرۆک هۆزە خۆفرۆشە کرێتەکە نییە، برام، ئەوان دوژمنی ڕاستەقینەی ئێمە نین.

**مەلا مستەفا:** (بەحەپەساوییەوە) چ؟!

**شێخ ئەحمەد:** مەلا مستەفا، ئەوە ڕاستییەکەیە.

**مەلا مستەفا:** کەواتە سەرۆک هۆزە خۆفرۆشەکەی دیکەیە، وانییە؟

**شێخ ئەحمەد:** نەخێر.

**مەلا مستەفا:** (بیردەکاتەوە) ئەدی مەبەستت کامە هۆزە، کاکە؟

**شێخ ئەحمەد:** مەلا مستەفا، ئەوان گەورەکانیانن.

**مەلا مستەفا:** گەورەکانیان؟ باشە.

**(دەیەوێ بچێتە دەرەوە)**

**شێخ ئەحمەد:** بۆ کوێ؟



**مەلا مستەفا:** بۆ سەر خۆفرۆشە گەورەکانی ئەو هۆزانە.

**شێخ ئەحمەد:** چاوەڕێ کە.

**مەلا مستەفا:** دەیانکەمە پەند بۆ خەڵکانی تریش.

**شێخ ئەحمەد:** (بەگرژییەوە) مستەفا پێم گوتی، چاوەڕێ بکە.

**مەلا مستەفا:** (بەشەرمەوە) لە خزمەتتاندام کاکە، بەڵام...

**شێخ ئەحمەد:** (قسەکەی پێ دەبڕێ) بگرە.

**(دوو نامەی دەداتێ)**

**مەلا مستەفا:** (بەسەرسوڕمانەوە) ئەو نامانە چین؟

**شێخ ئەحمەد:** بیانخوێنەوە ئەوجا لە هەموو شتێک دەگەی.

**مەلا مستەفا:** ئامادەم.

**(نامەی یەکەم دەخوێنێتەوە)**

حکوومەت ناماقووڵی کردیە.

**شێخ ئەحمەد:** لەسەرەخۆبە.

**مەلا مستەفا:** داوا لە بەڕێزتان دەکا لە بەردەم قایمقامی زێبار ئامادە بیت بۆ ئەوەی ملکەچی و گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەکانیان ڕابگەیەنی.

**شێخ ئەحمەد:** نامەی دووەم بخوێنەوە.

**مەلا مستەفا:** (دەخوێنێتەوە) ئەو قسەیە چییە... ئەوە لە حاکمی بەریتانییەوەیە، داوای ملکەچیتان لێ دەکات و... حاکمی بەریتانیا ناماقووڵی کردیە.

**شێخ ئەحمەد:** ئێستا زانیت کێ دوژمنی ڕاستەقینەمانە.

**مەلا مستەفا:** بەڵێ.

**شێخ ئەحمەد:** وریابە جارێکی دی پەلە نەکەی.

**مەلا مستەفا:** ئەمر دەفەرموون.

**شێخ ئەحمەد:** پەلە پەلی، هەمیشە پەشیمانی بەدواوەیە.

**مەلا مستەفا:** داوای لێبووردنتان لێ دەکەم کاکە.

**شێخ ئەحمەد:** دەی باشە.

**مەلا مستەفا:** بەڵام، ئێمە چۆکیان بۆ دانادەین.
**شێخ ئەحمەد:** **(وەڵام ناداتەوە)**...
**مەلا مستەفا:** داواکارییەکانی میری جێبەجێ ناکەین، وانییە؟
**شێخ ئەحمەد:** **(وەڵام ناداتەوە)**
**مەلا مستەفا:** **(بەگرژییەوە)** کاکە، ئەوان دەیانەوێ سووکمان بکەن.
**شێخ ئەحمەد:** ئەوە دەزانم.
**مەلا مستەفا:** ئێمە کۆیلەی کەس نین.
**شێخ ئەحمەد:** بەڵێ
**مەلا مستەفا:** بەئازادی لە دایک بووینە و بەئازادیش دەمرین.
**شێخ ئەحمەد:** بەڵێ
**مەلا مستەفا:** کەواتە ئارەزووەکانی میری جێبەجێ ناکەی؟
**شێخ ئەحمەد:** دڵنیابە مەلا مستەفا.
**مەلا مستەفا:** هەروەها فەرمانەکانی فەرماندەی بەریتانیش؟
**شێخ ئەحمەد:** دڵنیابە.
**مەلا مستەفا:** **(شێخ ئەحمەد ماچ دەکا)** سوپاس ئەی شێخ و برای گەورەم.
**شێخ ئەحمەد:** **(دەگرژێتەوە)** ئای بۆ ئەو جۆش و خرۆشەی تۆ، بەڵام مەلا مستەفا تەنیا ئازایەتی بەس نییە، لەم جۆرە بارودۆخانەدا هەر دەبێ لەپێشدا بیر بکەینەوە
**مەلا مستەفا:** ئامادەم کاکە.
**شێخ ئەحمەد:** ئایا مرۆ ئامادەن؟
**مەلا مستەفا:** هەمیشە ئەوان ئامادە و تەیارن بۆ بەرگریکردن لە کەرامەتیان.
**شێخ ئەحمەد:** ئەوە دەزانم.
**مەلا مستەفا:** وەکو چیاکانمان بەهێز و پتەو دەبین.
**شێخ ئەحمەد:** ئەوە دەزانم، پیاوەکان بانگ کە، بۆ دانانی پلانی بەرەڤانی.



**مەلا مستەفا:** پلانی بەرگریکردن؟!
**شێخ ئەحمەد:** بەڵێ دوژمنانمان زۆر چاوەڕێمان ناکەن، بەم زووانە هێرش دەکەنە سەرمان.
**مەلا مستەفا:** دەیبینن، چاوەڕێیان دەکەین... پەشیمانیش دەبنەوە...
**(شێخ ئەحمەد دەگرژێتەوە و لە مەلا مستەفا رادەمینێ)**

## دیمەنی سێیەم

**(شوێن: بارەگای سەرکردایەتی کردە سەربازییەکانی هێرشبردنە سەر بارزانە، ژەنەڕاڵ ڕۆبنسۆن بەبێتەل قسە دەکات)**

**ژەنەڕاڵ:** بەڵێ من ژەنەڕاڵ ڕۆبنسۆنم، ئێمە لە حاڵەتی هێرشبردنداین، چ؟ ئومێد دەکەم تۆپ بارانکردنی سەر بارزان تاکو شەوێ هەر بەردەوام بێت، حەوول...

**(سەربازێک وەژوور دەکەوێ)**

**سەربازی ١:** ڕێزم بۆ ژەنەڕاڵی گەورەمە.

**ژەنەڕاڵ:** قسە بکە ئەی سەربازەکە.

**سەربازی ١:** عەقید حاجی سری، سەرکردەی هێزەکانی دای، بەهێزەکەیەوە بەرەو بارزان، پێشڕەوی دەکا، گەورەم.

**ژەنەڕاڵ:** کارێکی مەزنە.

**سەربازی ١:** بارزانییەکانیش بێ ئەوەی لە بەردەم هێزەکانیدا هیچ بەرگرییەک بکەن، پاشەکشە دەکەن.

**ژەنەڕاڵ:** زۆر باشە.

**سەربازی ١:** گەورەم وا بەدەم گۆرانی گوتنەوە بەرەو بارزان پێشڕەوی دەکەن.

**ژەنەڕاڵ:** زۆر زۆر باشە، ئەی سەربازەکە

**سەربازی ١:** ئەمر بفەرموو گەورەم.

**ژەنەڕاڵ:** برادەرەکانت بەرەو بارزان پێشڕەوی دەکەن، تۆش لەگەڵیان برۆ پیاسە بکە.

**سەربازی ١:** ئامادەم گەورەم.

**(دەچێتە دەرێ)**

**ژەنەڕاڵ:** **(لەبەر خۆیەوە)** ئەوجا دەیبینی شێخ ئەحمەد.



گۆتی بارزانییەکان... شتەکی خۆشی گۆت.

**(بەدڵخۆشییەوە لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەڵێ، بەبێتەل قسە دەکا).**

**٢٢٠،٢٢٠** حەوول... سەربازەکانمان لە گەشت و سەیراندان حەوول... بارزان دوای کاتژمێرێکی دی دەکەوێتە ژێر پێیەکانمان حەوول...

**(سەربازی دووەم دێتە ژووری)**

**سەربازی ٢:** گەورەم ژەنەڕاڵ

**ژەنەڕاڵ:** ئایا هێزەکانمان چوونە ناو بارزان؟

**سەربازی ٢:** نەخێر گەورەم.

**ژەنەڕاڵ:** بەداخەوە، دەی پاش کاتژمێرێکی دی دەچنە ناویەوە و تێیدا دەخۆن و دەخۆنەوە، تۆ برۆ.

**سەربازی ٢:** گەورەم سەرهەنگەکەمانیان دەستخەڕۆ دابوو.

**ژەنەڕاڵ:** کێ دەستخەڕۆی دابوو؟

**سەربازی ٢:** گەورەم، مەلا مستەفا.

**ژەنەڕاڵ:** مەلا مستەفا.

**سەربازی ٢:** گەورەم، برای شێخ ئەحمەدە.

**ژەنەڕاڵ:** برای شێخ ئەحمەد؟!

**سەربازی ٢:** بەڵێ گەورەم.

**ژەنەڕاڵ:** ئای های...

**سەربازی ٢:** گەورەم، هێزەکانمان کەوتنە ناو ئەو بۆسەیەی ئەو لاوە بۆی دانابوونەوە

**ژەنەڕاڵ:** کامە لاو؟

**سەربازی ٢:** گەورەم مەلا مستەفا.

**ژەنەڕاڵ:** مەلا مستەفا؟

**سەربازی ٢:** بەڵێ گەورەم، وا ئێستاش بەرەو بارەگا دێ.

**ژەنەڕاڵ:** کێ؟
**سەربازی ٢:** گەورەم مەلا مستەفا.
**ژەنەڕاڵ:** مەلا مستەفا؟
**سەربازی ٢:** بەڵێ گەورەم، ئەو ئێستا...
**ژەنەڕاڵ:** بڕۆ لەبەر چاوم بزربە، هەی دەبەنگ.
**سەربازی ٢:** ئەمر دەکەی گەورەم، بەڵام ئەوکاتەی ئەو دەتگاتێ چ دەکەی؟
**ژەنەڕاڵ:** کێ؟
**سەربازی ٢:** گەورەم، مەلا مستەفا.
**ژەنەڕاڵ:** بزربە لێرە
**سەربازی ٢:** ئەمردەکەی گەورەم.

**(سەربازەکە دەچێتە دەرەوە و ژەنەڕاڵ بەترس و تووڕەییەوە قسە دەکا)**

**ژەنەڕاڵ:** ٢٢٠ حەوول... من ژەنەڕاڵ ڕوبنسۆنم حەوول... نا، گەشت و سەیران نەبوو حەوول... بەڵێ وام گوت حەوول... بەڵام درۆم کرد حەوول... بارزانییەکان بەرەو ئێرە دێن حەوول... فریام کەون حەوول...
**سەربازی ٢:** (**دێتە ژوورێ**) گەورەم ئا ئەوە گەیشتە ئێرە.
**ژەنەڕاڵ:** کێ؟
**سەربازی ٢:** مەلا مستەفا، گەورەم.
**ژەنەڕاڵ:** لەبەرچاوم بزربە هێڕە.

**(سەربازەکە دەچێتە دەرەوە، ئەوجا دەگەڕێتەوە)**

پێم گوتی لێرە بزربە، دەی
**سەربازی ٢:** گەورەم، ئەو ئەوە لەبەر دەرگایە.
**ژەنەڕاڵ:** کێ؟
**سەربازی ٢:** گەورەم، مەلا مستەفا.
**ژەنەڕاڵ:** (**بەبێتەل**) بمگەنێ حەوول... مەلا مستەفا لەبەر دەرگایە



حەوول... هێڕە حەوول...

**(پێشمەرگەکان وەژوور دەکەون)**

**٢٢٠ لەگەڵ بارزانییەکان قسە بکە حەوول...**

## بەشی دووەم

**منداڵەکان:** (بەخۆشییەوە) هێی...
**بەتلیسی:** شۆڕشگێڕەکان بەسەرکەوتنێکی مەزن سەرکەوتن.
**منداڵەکان:** بژی شۆڕشگێڕەکان
**بەتلیسی:** ئەم شەڕەش بەشەڕی (دۆڵا ڤاژی) ناسرا. کە لاوە ئازایەکە، مەلا مستەفا، دوژمنانی تووشی کارەساتێکی گەورە کرد.
**منداڵەکان:** (گۆرانی دەڵێن)

دۆڵا ڤاژی، دۆڵا ڤاژی
تریفەی مانگی ئەو بوو ئەو
بەشەوەزەنگ، لە ناخی شەو
ئەستێرەکان، دەجریوێن
دونیای پڕکرد لە ئاوازی
دۆڵا ڤاژی، دۆڵا ڤاژی
پاڵەوانێک هاواری کرد
سەرفرازی، سەرفرازی
بۆ پێدەشت و چیاکانم
خاکی باب و باپیرانم
دۆڵا ڤاژی، دۆڵا ڤاژی
بۆ ئێمە مایەی شانازیی

**بەتلیسی:** (**چەپڵە لێدەدا**) ئافەرین... ئافەرین منداڵینە...
**زانا:** ئای لەو سەرکەوتنە مەزنە.
**سازڤان:** ئای لەو شەڕە مەزنە.
**میران:** بابە بەتلیسی ئایا ئەو شەڕە، یەکەمین شەڕی بارزانی بوو؟



**بەتلیسی:** نا نەخێر میران.
**میران:** وەکو زانیومانە کە ئەو بەشداری و سەرکردایەتی زۆر شەڕی کردووە دژی چەند عەشیرەتێکی خۆفرۆش.
**بەتلیسی:** هەروەها دژی دوژمنان، چونکە کە هێشتا لاوێکی بچووکیش بوو، لە هەڵمەتی ڕزگارکردنی برا ئەرمەنییەکانماندا لە کوشت و کوشتارەکەی جەندرمە تورکەکان بەشداری کرد.
**منداڵەکان:** جەندرمە تورکەکان؟!
**بەتلیسی:** بەڵێ کە پێشتریش شێخ عەبدولسەلامی باپیری و شێخ عەبدولسەلامی براگەورەکەی، دژی ئەو دوژمنانە یاخی ببوون.
**منداڵەکان:** ئێی...؟!
**بەتلیسی:** ئەوجا شێخ عەبدولسەلامی باپیری تا کۆچی دوایی کرد هەر لە سەر ئەو ڕێبازە پیرۆزەی کوردایەتی بەردەوام بوو.
**منداڵەکان:** ئەدی شێخ عەبدولسەلامی برا گەورەی؟!
**بەتلیسی:** سەد مخابن تورکەکان لە سێدارەیان دا.
**منداڵەکان:** ئەدی بارزانی؟
**بەتلیسی:** نەخێر، لە سێدارەیان نەداوە.
**منداڵەکان:** ئەلحەمدوریلا.
**بەتلیسی:** بەڵکو خرایە بەندیخانە و تەمەنیشی تەنیا (٣) ساڵان بوو.
**منداڵەکان:** سێ ساڵان بوو؟!
**بەتلیسی:** بەڵێ هەروەها دایک و خێزانەکەشیان گرتن.
**منداڵەکان:** بەستەزمان؟!
**بەتلیسی:** (**پێدەکەنێ**) بەستەزمان؟!
**منداڵەکان:** بەڵێ.
**بەتلیسی:** خۆ ئەگەر بارزانی زیندووبایە و گوێی لەم وشەیە بووایە زۆرتان لێ عادز دەبوو.
**منداڵەکان:** بۆ؟!

**بەتلیسی:** لەبەر ئەوەی نەیدەویست هیچ کەس بەزەیی پێیدا بێتەوە. هەرلەبەر ئەوەش بوو چووە بەرخوێندن و خۆی فێرکرد، هەر کە گەورەش بوو بەرەنگاری دوژمنان بۆوە و بەشداری و سەرکردایەتیکردنی زۆربەی شەڕەکانی وەکو شەڕی گۆڕەتوو، شەڕی مەزنێ، شەڕی خێرەزۆک، ئیدی و ئیدی...کرد.

**سازڤان:** پاڵەوانێکی مەزن بووە.

**میران:** ئاه، ئەگەر خوا وەکو ئەو بەپاڵەوان، دەیخوڵقاندم.

**(بەقەشمەرییەوە پێدەکەنێ)**

ئەرێ سامان بۆ پێدەکەنی؟!

**سامان:** ئایا دەتەوێ وەکو بارزانیت لێ بێت؟!

**میران:** بەڵێ (**سامان پێدەکەنێ**) بۆ پێدەکەنی؟

**سامان:** بەڵام ئەوە مەحاڵە.

**میران:** بۆ...؟

**سامان:** ئایا هۆیەکەی دیارکەم؟

**میران:** بەڵێ

**محەمەد:** لەبەر ئەوەی خوا تۆی بەپاڵەوان نەخوڵقاندووە، ئەرێ وا نییە سامان؟!

**سامان:** نا...

**سۆلین:** لەبەر ئەوەی میران وەرزشکار نییە

**سامان:** نا، هۆیەکەی ئاشکراکەم

**منداڵەکان:** ئاشکرای کە

**سامان:** لەبەر ئەوەی کتومت جووجکەیە.

**(منداڵەکان پێدەکەنن)**

**میران:** ئەمن جووجکەم هەی تەماتە؟!

**سامان:** ئەمن تەماتەم؟

**(منداڵەکان پێدەکەنن)**



**میران:** بەڵێ تەماشای دەموچاوی بکەن هەر کتومت دەڵێی تەماتەیە؟

**(منداڵەکان تەماشای دەموچاوی سامان دەکەن و پێدەکەنن، سامان زیز دەبێ و لە منداڵەکان دوور دەکەوێتەوە)**

**بەتلیسی:** ئەوها نابێ خۆشەویستانم، ئێوە هاوڕێی یەکترن.

**میران:** بابە بەتلیسی، ئەو دوژمنی منە.

**سامان:** هەروەها تۆش دوژمنی منی، ئەی جووجکە فەندی.

**بەتلیسی:** شەرمە، کوڕەکانم

**(میران بەقەشمەرییەوە گۆرانی دەڵێ)**

**تەماتەی سۆری، هەی سۆرێ**
**رزاوە، گەنییە، سۆرێ**
**چەهرە گورییە، هەی سۆرێ**

**(منداڵەکان پێدەکەنن و سامانیش دەگرییێ)**

**بەتلیسی:** (**بەبێزارییەوە**) بەسە بەس، منداڵینە.

**(هەموو بێدەنگ دەبن)**

ئەوە چییە کوا خۆشەویستیتان، بۆ ڕێزی یەکتر ناگرن؟

**میران:** بابە بەتلیسی خەتای ئەوە

**سامان:** بەڵکو خەتای تۆیە.

**میران:** نا... تۆی.

**سامان:** نا... تۆی.

**بەتلیسی:** بەسە، دەی هەستە میران داوای لێبووردن لە سامان بکە.

**میران:** بابە بەتلیسی، داوای لێبووردنی لێ ناکەم، لە سەرەتاوە ئەو دەستی پێ کرد.

**بەتلیسی:** سامان، داوای لێبووردن لە میران بکە.

**سامان:** داوای لێبووردن له منداڵێکی بێعار ناکەم.

**میران:** تۆ بێعاری.

**سامان:** نا تۆ.

**بەتلیسی:** باشه، دەبێ بەجێتان بێڵم.

**منداڵەکان:** بۆ؟

**بەتلیسی:** (دەیەوێت بچێتە دەرەوە) ناتوانم لەنێو ئەو منداڵانەدا بمێنمەوە، نه یەکتریان خۆش دەوێ و نه ڕێزی یەکتر دەگرن.

**(هەموویان بەچاوی سەرسوڕمان و گازاندەوە تەماشای یەکتر دەکەن، سازڤان دەچرپێنێتە گوێی میران و سۆلین دەچرپێنێتە گوێی سامان، هەر هەمووشیان قبووڵیان نییە داوای لێبووردن لە یەکتر بکەن)**

منداڵینه خوا حافیز...

**میران:** بابه بەتلیسی من داوای لێبووردن دەکەم.

**بەتلیسی:** داوای لێبووردن له سامان بکه.

**میران:** (**بەدڵەڕاوکێوە**) من جووجکەم هەی تەماتە؟؟

**منداڵەکان:** میران.

**میران:** سامان من داوای لێبووردن دەکەم.

**سامان:** منیش داوای لێبووردن دەکەم هەی... جووجکه.

**منداڵەکان:** سامان

**سامان:** میران، من داوای لێبووردن دەکەم...

**بەتلیسی:** زۆر باشه.

**منداڵەکان:** (**بەخۆشییەوە**) هێیی...

**(گۆرانی دەڵێن):**



ڕێگامان پڕ گوڵزاره
ئاسمانمان پڕشنگداره
هەموو هاوڕێی یەکترین
بەوەفا و ڕەوشت بەرزین
بۆ سەرفرازی ژیان
تێدەکۆشین نابەزین
هەموو هاوڕێی یەکترین
له هەنگوین شیرینترین

**بەتلیسی:** ئافەرین ئازیزانم، بەخۆشەویستی و ڕێزگرتن ئامانجەکانمان دێنە دی... بارزانیش هەر بەم ڕەوشتانەوە ببووە ئەم پاڵەوانە، میران

**میران:** بابه بەتلیسی کەواته وەکو ئەوم لێ دێ، بۆیە هەموویانم خۆش دەوێت و ڕێزی هەموویان دەگرم، هەروەها دەبێ ئازاشبم.

**(سامان بەقەشمەرییەوە پێدەکەنێ)**

**منداڵەکان:** (**بەهۆشیارکردنەوەوە**) سامان.

**(سامان دەمی خۆی دەگرێ)**

**بەتلیسی:** ئافەرین میران، خۆشەویستی زانست و نیشتمانیش لەبیر مەکه.

**منداڵەکان:** (**بەسەرسوڕمانەوە**) ئافەرین؟!

**میران:** (**بەشادییەوە**) ئامادەم، هەرگیز ئەوە لەبیر ناکەم.

**بەتلیسی:** ئافەرین.

**منداڵەکان:** ئافەرین؟!

**محەمەد:** ئەوە چۆن دەبێ بابه بەتلیسی؟ خوا میرانی وەکو بارزانی بەپاڵەوان دروست نەکردووه، بەڵکو دروستی کردووە بە...

**سامان:** بەجووجکه

**منداڵەکان:** سامان

**سامان:** ئامادەم (**دەمی خۆی دەگرێ**).

**بەتلیسی:** خۆ خوا بارزانی بەپاڵەوان دروست نەکردبوو، بەڵکو هەر وەکو ئێوەی دروست کردبوو، ئەی خۆشەویستەکانم.

**منداڵەکان:** وەکو ئێمەی ئێمە.

**بەتلیسی:** بەڵێ...

**منداڵەکان:** وەکو ئێمە؟!

**بەتلیسی:** بەڵێ...

**سازڤان:** سەیرە...

**محەمەد:** بابە بەتلیسی ئەوە چ دەڵێی؟

**زانا:** ئایا دەتوانم وەکو بارزانی ببمە پاڵەوان؟

**بەتلیسی:** بەڵێ.

**زانا:** **(لە خۆشییان خۆ هەڵداوێتە ئاسمانێ)** هێیی

**محەمەد:** بەڵام چۆن؟

**بەتلیسی:** کاتێ بەباشی گوێ لە گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی ئەو پاڵەوانە دەگرن، ئەوجا وەڵامەکەی دەزانن.

**میران:** بڵێ دەی، ئەی بابە بەتلیسی.

**زانا:** گوێ بگرن ئەی هاوڕێیان.

**محەمەد:** بڵێ ئەی بابە بەتلیسی...

**(بەتاسەوە چوار دەورەی بەتلیسی دەدەن).**

**بەتلیسی:** ئامادەم ئازیزانم، جارێ لە جاران هەر کە بارزانی گوێ لە دەنگێک ڕادێرێ...

**(بەتلیسی پەڕەکانی کتێبەکە وەردەگێڕێ)**



## دیمەنی چوارەم

**(شوێن: بارەگای بارزانییە، بارزانی لە قۆناغی تەمەندا چوویتە پێش، گوێی لە ڕادیۆیەکی بچووک گرتووە، لە دەرەوەی بارەگاوە گوێی لە دەنگە دەنگ دەبێ، ڕادیۆکەی دادەخات و گوێ بۆ دەنگەکە هەڵدەخات، بانگی یەکێک لە پێشمەرگەکان دەکات)**

**بارزانی:** حەمۆ

**(حەمۆی پێشمەرگە دێتە ژوورێ)**

**حەمۆ:** بەڵێ گەورەم.

**بارزانی:** قسەت لەگەڵ کێ دەکرد؟ دەنگەکە نامۆ بوو، وانییە؟

**حەمۆ:** پیرەمێردێک و کوڕەزایەکی بوون، بۆ کارێک هاتبوون.

**بارزانی:** با بێنە ژوورەوە.

**حەمۆ:** (بەشڵەژاوییەوە) داواکارییەکی نابەجێی هەبوو.

**بارزانی:** نابەجێ؟

**حەمۆ:** مەبەستم...

**بارزانی:** (بەگرژییەوە) با بێتە ژوورێ.

**حەمۆ:** (بەشەرمەوە) ئاخر بەرێم کردوون.

**بارزانی:** چ...؟

**حەمۆ:** پێم گوتن...

**بارزانی:** هەر ئێستا بانگیان کەوە

**حەمۆ:** گەورەم.. زۆر لە بارەگا دوور کەوتنەوە....

**بارزانی:** هەر ئێستا بیانگەیێ.

**حەمۆ:** ئامادەم.

**(حەمۆ دەچێتە دەرێ، بارزانی هەر لە ژوورەکەیدا دێت و دەچێ، دوای تۆزێک پیرەمێرد و نەوەکەی دێنە ژوورێ)**

**پیرەمێرد:** سەلام و عەلەیکوم، گەورەم.

**بارزانی:** وە عەلەیکومو سەلام، وەرەحمەتوڵڵاهی وەبەرەکاتوهو.

**پیرەمێرد:** داوای لێبووردنتان لێ دەکەم، نەمدەزانی هاتنەکەم لە کاتێکی نەگونجاوە.

**بارزانی:** خاڵ، داواکارییەکەت بڵێ.

**پیرەمێرد:** گەورەم ئەم کوڕە (**بۆ لاوەکە**) ئەرێ کوڕە دەستی سەرۆکت ماچ کرد؟

**(کوڕەکە دەیەوێ دەستی بارزانی ماچ بکا، بارزانی دەستی خۆی دەکێشێتەوە و ناهێڵێ دەستی ماچ بکات)**

ئەوە کوڕەزامە گەورەم، ناویشی (**بۆ لاوەکە**) کوڕە دەی ناوی خۆت بڵێ

دەتەوێ هەتا ناو گۆتنیشت من بیڵێم..؟

**مێرد منداڵەکە:** ناوم نوعمانە گەورەم.

**پیرەمێرد:** ناوی بابیشی حاجییە، کە نۆبەرەم بوو، ماوەیەک لەمەوبەر ئەمری خوای کرد.

**بارزانی:** خوا لێی خۆش بێت.

**پیرەمێرد:** دەی کوڕە چیت دەوێ بەجەنابی بڵێ.

**مێرد منداڵەکە:** دەمەوێ بڕوانامەی قوتابخانەم بۆ بگوازنەوە، گەورەم.

**پیرەمێرد:** (**بەگرژییەوە**) دەتەوێ؟! کوڕە ئەتۆ خۆت بەئاغای کوڕە ئاغا تێدەگەی؟ بڵێ تکا دەکەم، وەکو بابت بەئەدەب بە، ئای های، حاجی ڕەحمەتی خوات لێ بێ...

**بارزانی:** نوعمان، کوڕەکەم بڵێ چیت دەوێ؟

**مێرد منداڵەکە:** دەمەوێ بڕوانامەکەم بۆ بگوازنەوە لە قوتابخانەی (ئاکرێ)وە بۆ قوتابخانەی قەڵادزێ.

**بارزانی:** باشە



**(پارچە کاغەزێکی سپی دێنێ، چەند وشەیەکی لەسەر دەنووسێت و دەیداتە دەست مێرد منداڵەکە)**

بڕۆ لای خاوەنی ئەم ناونیشانە و چیت دەوێ داوای لێ بکە.

**پیرەمێرد:** سوپاس گەورەم، خوا بتپارێزێ.

**(بۆ مێرد منداڵەکە)**

کوڕە سوپاسی جەنابی بکە، ئای ڕۆڵە، هەرگیز دڵم خۆش ناکەی و تۆ هەرگیز بەدڵی من ناکەی.

**مێرد منداڵەکە:** سوپاس گەورەم.

**بارزانی:** سوپاسم مەکە کوڕەکەم، بەڵکو هەوڵدە و بخوێنە.

**پیرەمێرد:** ئۆی گەورەم، زۆر زیرەکە.

**بارزانی:** ئافەرین

**پیرەمێرد:** چوویتەوە سەر باپیری خۆی، زۆر تێدەگا.

**بارزانی:** (پێدەکەنێ) ئافەرین نوعمان.

**مێرد منداڵەکە:** کاتێ گەورە بووم دەبمە پێشمەرگە.

**بارزانی:** (پێدەکەنێ) ئافەرین ئەی پاڵەوان.

**پیرەمێرد:** گەورەم پێم نەگوتی، ئەو کوڕە وەکو باپیری ئازا و تێگەیشتووە.

**بارزانی:** (پێدەکەنێ) بەڵام پێویستیمان بەکەسانی زیرەکیشە نوعمان، ئەوەی لە قوتابخانە زیرەک بێ وەکو پێشمەرگەیەک وایە کە لە سەنگەر دابێ.

**مێرد منداڵەکە:** پێشمەرگە!؟

**بارزانی:** بەڵێ

**مێرد منداڵەکە:** واتە ئەمن هەنووکە پێشمەرگەم؟

**بارزانی:** بەڵێ.

**مێرد منداڵەکە:** کەواتە زۆر خۆم ماندوو دەکەم.

**بارزانی:** ئافەرین، ئەی پاڵەوان.

**پیرەمێرد:** گەورەم تۆ پاڵەوانی کوردانی و، تۆ بابی کوردانی.

**بارزانی:** خاڵ، من لە خزمەتکاری کوردان بەولاوە شتێکی دیکە نیم.
**پیرەمێرد:** خوا هەر پایەدارت بکات، گەورەم ڕێگەمان پێ بدەی دەڕۆین...
**بارزانی:** نوعمان دەرسەکانت لەبیر نەکەی...
**مێرد منداڵەکە:** ئەمر دەکەن گەورەم.
**بارزانی:** خوات لەگەڵ پاڵەوان، خوات لەگەڵ خاڵ...
**(هەردووکیان دەچنە دەرەوە، بانگی حەمۆی دەکات، حەمۆ دێتە ژوورەوە)**
یاوەریی ئەم میوانانە بکە تاکو دەگەنەوە نزیک گوندەکەیان.
**حەمۆ:** ئامادەم گەورەم. **(دەیەوێ بچێتە دەرەوە)**
**بارزانی:** حەمۆ.
**حەمۆ:** بەڵێ گەورەم
**بارزانی:** جارێکی دی ئەوەی ڕووی دا، دووبارەی نەکەیەوە.
**حەمۆ:** گەورەم خەڵکی لەبیریان دەچێ کە تۆ سەرکردەیانی.
**بارزانی:** من پێم گوتی حەمۆ ئەوەی کردت دووبارەی نەکەیەوە.
**حەمۆ:** ئەمر دەکەی گەورەم.
**(حەمۆ دەچێتە دەرەوە، دەنگی تەقە و دەنگی تۆپ دێ، بەبایەخەوە گوێ قوڵاغ دەبێ)**



## دیمەنی پێنجەم

**(شوێن: هەمان شوێنە، یەکێک لە پێشمەرگەکان دێتە ژوورەوە)**
**پێشمەرگەی ١:** گەورەم هێزی جاشان بەرەو ئێمە دێن.
**بارزانی:** ( **بەسەرسوڕمانەوە**) ئەدی پێشمەرگەکان، پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی یەک چ دەکەن؟
**پێشمەرگە:** گەورەم لە پشوودان.
**بارزانی:** پشوو؟
**پێشمەرگەی ١:** بەڵێ گەورەم، ئامیر بەتالیۆنەکە دوای شەڕێکی دوو ڕۆژیی، بۆ ماوەی دوو کاتژمێر مۆڵەتی داینێ...
**(بۆ چەند ساتێک بیر دەکاتەوە، ئینجا تاو دەداتە برنۆیەکەی)**
**بارزانی:** کەواتە وەرن بەدوامدا.
**پێشمەرگەی ١:** بۆ کوێ؟
**بارزانی:** بۆ بەرەی شەڕ، دەبێ ڕێ لە هێرشی جاشان بگرین، برا.
**پێشمەرگەی ١:** بەتەنیا خۆمان؟!
**بارزانی:** بەڵێ، دەی برا، ئەوە ئەرکێکە پێویست دەکا هەر بەخۆمان و بەتەنیا ئەوە بکەین.
**پێشمەرگە:** بەڵام گەورەم...
**بارزانی:** بەبێ بەڵام، وەرە بەدوامدا و بیبڕەوە.
**پێشمەرگە:** ئامادەم **(دەچنە دەرەوە)**.

## دیمەنی شەشەم

**(شوێن: قەد پاڵی چیایەکە، دەنگی تۆپ و تەقە لە بەرزاییەوە دێ، یەکێک لە پێشمەرگەکان دێتە لایان، لە دوور ڕادەمێنێ)**

**پێشمەرگەی ٢:** ئا ئەوەتە؟! لەو قۆڵەوە جاشەکان دێنە پێش، ئای خوایە، کاک حاجی بەتەنیا بەری لە هێزی جاشەکان گرتووە، نا...برایەکی دیکەشی لەگەڵدایە، شەڕێکی قارەمانانە دەکات، خوایە دەبێ ئەوە کێ بێت؟ ئەوە سەرۆکە...ئەوە مەلا مستەفایە. ئەو لە مەترسیدایە

**(دێ و دەچێ، بەشڵەژاوییەوە هاوار دەکا)**

ئەی هەڤاڵینە... ئەی برایان... سەرۆک لە مەترسیدایە، سەرۆک لە مەترسیدایە..دەستکەنە چەکەکانتان...

**(کۆمەڵە پێشمەرگەیەک دێنە ژوورەوە و لە سەر شانۆکە ڕووەو بەرەی شەڕەکە ئاراستە دەکرێن)**

**دەنگەکان:** بکشێوە گەورەم...

– سەرۆک بپارێزن.

– بارزانی لە مەترسیدایە.

– بارزانی بریندار بوو.

– بڕۆنە پێش، دەی هەڤاڵان

**(دەنگەکان بەرز دەبنەوە، بارزانی بەبرینداری دێتە ژوورەوە، یەکێک تیماری برینەکەی دەکا)**

**دەنگەکان:** **(لە ناوەوە)**

– جاشەکان هەڵدێن.

– دوژمن دەشکێت.

– سەرکەوتین.



– بژی پێشمەرگە.

– بژی.

**(پێشمەرگە دێنە ژووری و بەپاڵان دیلێکیان بەپێش خۆ داوە)**

**پێشمەرگەی ١:** (بەدیلەکە) بڕۆ دەی هەی ترسنۆک.

**پێشمەرگەی ٢:** لە سزای ئەوەی کردت دەبێ بکوژرێی.

**پێشمەرگەی ٣:** زگتان پێ بسووتێ، ئەوە دیلی ئێمەیە.

**پێشمەرگەی ٤:** بەڵکو تاوانبارە.

**پێشمەرگەی ٥:** ئەوە ئەو تاوانبارەیە کە سەرۆکی بریندار کرد.

**پێشمەرگەی ٦:** چ؟

**پێشمەرگەی ١:** دەبێ سزایەکی قورس بچێژێ.

**پێشمەرگەی ٤:** هەڤاڵان سەرۆک بەو شێوەیە قایل نابێ...

**پێشمەرگەی ٥:** پێم گۆتی.. ئەوە ئەو تاوانبارەیە کە سەرۆکی بریندار کرد.

**پێشمەرگەی ٢:** دەبێ گوللەباران بکرێ.

**پێشمەرگەی ٦:** وریا بن.

**(چەند پێشمەرگەیەک هێرش دەبەنە سەر دیلەکە)**

**دیلەکە:** هاوارە فریام کەون...

**بارزانی:** کوڕینە، وازی لێ بێنن.

**(هەموویان بەدوودڵییەوە ڕادەوەستن)**

**پێشمەرگەی ١:** ئەوە ئەو تاوانبارەیە کە قۆڵتی بریندار کرد.

**بارزانی:** ئەوە دەزانم.

**پێشمەرگەی ٢:** ئەوجا دەبێ سزا بدرێ.

**بارزانی:** گۆتم وازی لێبێنن.

**پێشمەرگە:** ئامادەین.

**بارزانی:** لێی دوورکەونەوە.

**(هەموویان لە دیلەکە دوور دەکەونەوە)**

**پێشمەرگەی ٤:** ئەوە برینداره گەورەم.

**بارزانی:** هەر ئێستا برینەکەی تیمار بکەن.

**پێشمەرگەی ٦:** ئەمر دەکەی.

**(پێشمەرگەی ٦ برینی دیلەکە تیمار دەکا)**

**پێشمەرگەی ٢:** ئەدی خوێنی تۆ، گەورەم؟

**پێشمەرگەی ٣:** دەبێ تۆڵەی خوێنی تۆ بکەینەوە.

**بارزانی:** تۆڵە دەکەنەوە؟

**پێشمەرگەی ٥:** بەڵێ گەورەم.

**پێشمەرگەی ١:** ئەوە خوێنی تۆیە.

**بارزانی:** (بەگرژییەوە) گوێ بگرن برایان، من تۆڵەی خوێنی خۆم ناوێ.

**پێشمەرگە:** ئەوە خوێنی بارزانییە.

**بارزانی:** برا، بارزانییش یەکێکە لە پێشمەرگەکان، ئەو پێشمەرگەیەی تەنیا لە پێناو نیشتماندا شەڕ دەکا، دەبا هەموومان تەنیا لە پێناو کوردستان شەڕبکەین.

**(هەموو بێدەنگ دەبن). (دەی برایانم، زامی ئەو میوانە تیمار بکەن و ئاگاتان لێی بی)**

**پێشمەرگەی ١:** (بەچرپە) میوان؟

**پێشمەرگەی ٢:** ئاگامان لێی بی؟

**دیلەکە:** گەورەم، من پەشیمانم.

**بارزانی:** باشە.

**پێشمەرگەی ٣:** گەورەم ئەدی کەی دادگایی بکەین.

**بارزانی:** دادگایی ناکەین.

**پێشمەرگەی ١:** گوللەبارانی دەکەین.

**بارزانی:** نا...

**پێشمەرگەی ٢:** تەنیا فڕێی دەدەینە بەندیخانە.

**بارزانی:** بەڵکو ئازادی دەکەین.



**پێشمەرگە:** چ؟

**بارزانی:** هەڤاڵان ئەوە فەرمانە، تێگەیشتن؟

**پێشمەرگە:** تێگەیشتین..

**بارزانی:** باشە.

**(لە دیلەکە نزیک دەبێتەوە)**

برا مەترسێ، کەس پەنجەیەکت بەخراپە ناگەینێتێ، ئەوانە پیاوی باشن.

**(دەچێتە دەرەوە)**

**دیلەکە:** من پەشیمانم گەورەم، داوای لێبووردن دەکەم.

**پێشمەرگەی ١:** دووڕوو.

پێشمەرگە ی٢: هۆشیار ئەوها نابێ.

**پێشمەرگەی ١:** چونکە دووڕووە.

**پێشمەرگەی ٢:** برادەر ئەوە داوای سەرۆکە.

**پێشمەرگەی ١:** باشە.

**پێشمەرگەی ٢:** (**بۆ دیلەکە**) وەرە برا.

**پێشمەرگەی ١:** برا..

**دیلەکە:** ئەمر دەکەی...

**(هەموو دەچنە دەرەوە)**

## بەشی سێیەم

**زانا:** برادەران خەریکە ئاگرەکە دەکوژێتەوە.

**محەمەد:** برادەران وریابن.

**میران:** زووکەن، سووتەمەنی بێنن.

**سازڤان:** زووکەن دەی، ئاگری نەورۆز دەبێ هەمیشە بڵێسەی بەگەشی بمێنێتەوە.

**(هەندێ لقە دار کۆدەکەنەوە و دەیهاوێنە ناو ئاگرەکەوە، کڵپەی بەرز دەبێتەوە و لە چوار دەوری ئاگرەکە بەخۆشی دەست بەسەماکردن دەکەن)**

**میران:** بابە بەتلیسی ئەوە بۆ بەشداری شاییمان ناکەی؟

**سامان:** بابە بەتلیسی دە وەرە.

**(بەتلیسی ڕادەکێشنە ناو شاییەکە، گۆرانییەک بۆ نەورۆز دەڵێنەوە. بەتلیسی خۆی لەناو شاییەکە دەکێشێتەوە و هەست بەماندووبوون دەکا).**

**محەمەد:** بابە بەتلیسی دە بمێنەوە.

**سۆلین:** بابە بەتلیسی دە ئەو پێچە شاییە تەواو بکە.

**بەتلیسی:** ناتوانم..

**زانا:** بابە بەتلیسی نەورۆز زویر دەبی..

**بەتلیسی:** ئاخر ماندوو بووم خۆشەویستانم.

**(جگە لە میران، هەموویان واز لە شاییکردن دێنن)**

**منداڵەکان:** ئەدی نەورۆزمان لێ توورە نابێ؟

**بەتلیسی:** نا

**میران:** بەردەوام بن لە شاییکردن، دەنا نەورۆزتان لێ زویر دەبی.

**بەتلیسی:** میران، بەسە.

**میران:** ئەدی نەورۆز عادز نابی؟

**بەتلیسی:** نا، دێتە لای هەمووانتان، دڵنیا بن خۆشەویستەکانم.



**منداڵەکان:** دێ.

**بەتلیسی:** بەڵێ، بەڵام...

**منداڵەکان:** چ؟

**سازڤان:** چ ڕووی داوە بابە بەتلیسی؟

**محەمەد:** بابە بەتلیسی، قسە بکە، ئایا جێیەکت دێشێ؟

**زانا:** ئەرێ تۆ نەخۆشی؟

**بەتلیسی:** نا ئازیزانم، من زۆر باشم، بەڵام نەورۆز، نەورۆز لە مەترسیدایە...

**منداڵەکان:** نەورۆز لە مەترسیدایە؟!

**بەتلیسی:** بەڵێ دوژمنان خۆیان بۆ دانوساندووە.

**سازڤان:** بابە بەتلیسی دڵنیابە، دوژمنان هەر کە ئەو ئاگرە دەبینن ناوێرن لە نەورۆز نزیک ببنەوە.

**سۆلین:** ڕاست دەکەی، دوژمنان وەکو دڕندەی کێوی زۆر لە ئاگر دەترسێن، ئەوە قسەیەکی باوکمە...

**بەتلیسی:** بەڵام لەو ڕێیەی کە نەورۆزی لێوەدێ، دوژمنان خۆیان مەڵاس داوە، بۆسەیان بۆ داناوە و لوولەی تفەنگەکانیان ئاراستە کردووە.

**منداڵەکان:** تفەنگەکان؟!

**(بەترس و سەرسوڕمانەوە تەماشای یەکتر دەکەن)**

**زانا:** جا دەیکوژن؟

**بەتلیسی:** ڕۆژگارێکی زۆرە ئەوان لەو هەوڵەدان.

**سۆلین:** ئەگەر نەورۆزیان کوشت، بەبێ جەژن دەمێنینەوە.

**بەتلیسی:** بەڵێ.

**سامان:** ئەوجا ناچینە دەشتودەر بۆ سەیران و یاریکردن.

**بەتلیسی:** ڕاستە..

**سازڤان:** ئەدی چارە چییە؟!

**بەتلیسی:** (**بیر دەکاتەوە**) بەئاشکرایی بیلێم؟

**مندالّەکان:** بەلّێ

**بەتلیسی:** نازانم...

**سازڤان:** ئەدی کێ چارەسەرێک پێ دەزانێ؟

**بەتلیسی:** گوێ بگرن مندالّینە، لە دێرزەمانەوە هەمیشە نەورۆز هاتۆتە نیشتمان، بێ ئەوەی هیچ کەسێک ڕێی لێ بگرێ، جارێک لە جارانیش دوژمنان بڕیاریان دا لە ئەشکەوتەکانیان دەرچن و ڕێ لە نەورۆز بگرن، کە بۆ مندالّ و گەورانیش دیاریی جوان و شتی شیرینی پێ بوو.

**مندالّەکان:** ئێی؟

**بەتلیسی:** ئەوجا کاتی هاتنی نەورۆز بۆ نیشتمان دواکەوت، خەمباری هەموو شوێنێکی داگرت، پیاوێک ناوی کاوە بوو ڕاپەڕی.

**مندالّەکان:** کاوەی ئاسنگەر...

**بەتلیسی:** بەلّێ، شەڕی دوژمنانی کرد، تا ئەشکەوتەکانیان، کەوتە دوایانەوە، ئەو کاتی نەورۆز پێی کرا بگەڕێتەوە نیشتمان، هەموو لایەکیش بەهاتنی نەورۆز دلّخۆش بوون.

**زانا:** بابە بەتلیسی ئەدی دوژمنان، جارێکی دی لە ئەشکەوتەکانیان دەرنەکەوتنەوە؟

**بەتلیسی:** بەلّێ.

**مندالّەکان:** ئێی؟

**بەتلیسی:** بەلّام هەر هەموو جارێ پالّەوانەکان بەرەنگاریان دەبوونەوە و نەورۆزیان لە بۆسەکە ڕزگار دەکرد.

**سازڤان:** چۆن؟

**بەتلیسی:** ( **بیردەکاتەوە**) چۆن... ئا هـ، کەواتە دەبێ ژیننامەی بارزانی تەواو بکەین.

**سازڤان:** بەلّام...

**بەتلیسی:** سازڤان باش گوێ لە ژیننامەی ئەو پالّەوانە بگرە، ئەوجا زۆر



شت دەزانی.

**سازڤان:** ئامادەم.

**بەتلیسی:** خۆشەویستە ژیکەلەکانم وەکو گوێتان لێ بوو، ئەو پالّەوانە پێشڕەو و ئەو شێرە ئازایە، شەڕی دوژمنانێکی کردووە کە ڕێیان لە نەورۆز گرتووە و بۆسەیان بۆ دانایەتەوە.

**مندالّەکان:** ئێی؟

**بەتلیسی:** پالّەوانانە شەڕی دوژمنانی کردووە، هەرچەندە دوژمنان ڕووی تفەنگەکانیان هەر ئاراستەی ئەو کردبوو.

**مندالّەکان:** ئێی؟

**میران:** چی بەسەر هات؟

**بەتلیسی:** کۆچی کرد.

**میران:** بۆ کوێ؟

**بەتلیسی:** بۆ ولّاتێکی دوور لە خاکی نیشتمان.

**زانا:** هەروەها مامیشم بۆ ولّاتێکی دوور کۆچی کردووە، بابم دەلّێ: لەوێ بەخۆشی دەژی.

**سامان:** سیپانی برام دەلّێ (مندالّانی ئەو ولّاتانە زۆر بەخۆشی و شادی دەژین).

**سازڤان:** هەروەها گەورەکانیش.

**محەمەد:** ئای ئەگەر منیش وەکو ئەوان دەمتوانی ئەو کۆچە بکەم، تاکو منیش بەخۆشی و شادی بژیم.

**میران:** چما بارزانی بۆ ئەوە کۆچی کرد، تاکو بەخۆشی و شادی بژیت؟

**بەتلیسی:** نا

**سۆلین:** ئەدی بۆچی کۆچی کرد؟

**بەتلیسی:** شەڕفرۆشان تا دەرەوەی خاکی نیشتمان هەر شەڕیان پێ فرۆشت...

**مندالّەکان:** ئێی؟

**بەتلیسی:** بەڵام جارێکی دیکەش گەڕایەوە.
**منداڵەکان:** (**بەخۆشییەوە**) هێیی..
**بەتلیسی:** لە پێناوی نیشتماندا گەڕایەوە، لە پێناوی ئەوەی ڕێ لە بەردەم نەورۆز خۆش بکات.
**سازڤان:** ئەدی دوژمنان چییان کرد؟
**بەتلیسی:** جارێکی دی لوولەی تفەنگەکانیان ئاراستە کردەوە و شەڕیان پێ فرۆشتەوە.
**میران:** ئەدی چی بەسەر هات؟
**بەتلیسی:** لە دژیاندا سەرکردایەتی شۆڕشێکی مەزنی کرد.
**منداڵەکان:** شۆڕش؟
**بەتلیسی:** پاڵەوانەکانی کورد لە ڕۆژی یازدەی ئەیلولی ساڵی (١٩٦١) ڕاپەڕین و لەگەڵ بارزانیدا بەرێکەوتن بۆ شەڕکردن دژی ئەو دوژمنانەی ڕێیان لە نەورۆز دەگرت...
**منداڵەکان:** (**بەخۆشییەوە**) هێیی...



## دیمەنی حەوتەم

**(شوێن: بریتییە لە ڕووبارێکی بچووک، دەنگی گۆرانییەکی بەکۆمەڵ لە دوورەوە دێ و، دەنگەکە نزیک دەبێتەوە، کۆمەڵێک پێشمەرگە بەگۆرانی گوتنەوە وەژوور دەکەون)**
**پێشمەرگەی ١:** ڕاوەستان، ڕاوەستن.
**پێشمەرگەکان:** چ قەوماوە؟
**پێشمەرگەی ٢:** خۆشناو لێمان گەڕێ، با ڕۆیشتنەکە تەواوکەین.
**پێشمەرگەی ٣:** دەی کاکە واز لە قەشمەریی بێنن.
**پێشمەرگەی ٤:** با پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول پێشکەون.
**(پێش دەکەون)**
**پێشمەرگەی ١:** ڕاوەستان، ڕاوەستن.
**پێشمەرگەکان:** (بەگرژییەوە) ئەوە ئەوە...
**پێشمەرگەی ٢:** خۆشناو واز لە قەشمەریی بێنە.
**پێشمەرگەی ١:** برادەر من بەڕاستیمە.
**پێشمەرگەی ٣:** مەسەلە چییە؟
**پێشمەرگەی ١:** ڕووبارێکی بچووک دێتە ڕێمان، ئیدی ڕوو لە کام لا بکەین؟
**پێشمەرگەی ٢:** لێی دەپەڕینەوە.
**پێشمەرگەی ٣:** ئەرێ خۆشناو لە پەڕینەوەی ڕووباری بچووکیش دەترسێی؟
**پێشمەرگەی ١:** نەخێر برادەر، لە تەڕبوونی ئێوە دەترسێم..
**پێشمەرگەی ٢:** گوێم لە تەڕبوون نییە
**پێشمەرگەی ١:** باشە، فەرموو پاڵەوان.
**پێشمەرگەی ٥:** ڕاوەستە کاکە.

**پێشمەرگەی ٢**: ڕاناوەستم و خۆم لە ئاوی ڕووبارەکە دەدەم، واتا خۆمی لێ دەدەم.

**پێشمەرگەی ٥**: تۆ بۆ وا دەکەی، کە ڕووبارەکە ئەو بەردەبازەی لێیە،

**(پەنجە بۆ شوێنی بەردەکان درێژ دەکات)**

**پێشمەرگەی ١**: شانست هەیە.

**پێشمەرگەی ٤**: با بەپەلە بپەڕینەوە، بەر لەوەی سەرۆک بگات.

**پێشمەرگەی ٢**: دڵنیابە هەر وەکو ئەسپ بەسەر ئەو بەردانە دەپەڕمەوە.

**پێشمەرگەی ١**: دە دەرپەڕە ئەی ئەسپی شۆڕشی ئەیلول.

**پێشمەرگەکان**: (پێدەکەنن) ئەسپی شۆڕشی ئەیلول؟

**پێشمەرگەی ٢**: بەڵێ، من ئەسپی شۆڕشم، تەماشاکەن چۆن دەردەپەڕم

**پێشمەرگەکان**: (بەخۆشییەوە) یەک، دوو، بم

**(بەخـــێـــرایی دەردەپەڕی، بەر لەوەی بگاتە ئەوبەری دەکەوێتە ناو ڕووبارەکەوە) (هەموو پێدەکەنن)**

**پێشمەرگەی ١**: ئەدی هەنووکە کێ دەپەڕێتەوە؟

**پێشمەرگەی ٣**: وەکو ئەسپ نا، من هەر وەکو سارۆخ دەپەڕمەوە.

**پێشمەرگەی ١**: فەرموو سارۆخە فەندی

**پێشمەرگەکان**: یەک، دوو، بم

**(هەروەکو پێشـمـەرگەی (٢)ی لێ بەســەرهات، هەموو پێدەکەنن)**

**پێشمەرگەی ١**: سارۆخیش هەروەکو سارۆخ بەربۆوە، کێ وەکو فڕۆکە دەپەڕێتەوە؟

**پێشمەرگەی ٤**: خۆشناو پەڕینەوەی ڕووبار پێویستی، بەسارۆخ و فڕۆکە نییە.

**پێشمەرگەی ١**: ئەدی پێویست بە چ دەکات زۆرزان؟

**پێشمەرگەی ٤**: پێویستی بەئاگا لەخۆبوونە، ئەگەر نا چارەنووست تەڕبوونە.



**(بەوریاییـــیـــەوە دەپەڕێتـــەوە، بەچەپ و ڕاست دادێ، چونکە بەردێک لە جێی خۆی باش نەچەسپیوە و لە ژێر پێیاندا دەلەقی، بەردەبێتەوە ناو ڕووبارەکە و پێی پێدەکەنن)**

**پێشمەرگەی ٤**: (لەناو ڕووبارەکەوە)

دیتمەوە، دیتمەوە، هۆیەکەی ئەو بەردەیە کە جێی خۆی نەگرتووە.

**پێشمەرگەی ٥**: باشە کەواتە بیچەسپێنە.

**پێشمەرگەی ٤**: نای چەسپێنم، تا خۆشناویش وەکو خۆمان بەتەڕبوویی نەبینم...

**پێشمەرگەکان**: با سەگڤان بیچەسپێنێ.

**پێشمەرگەی ٥**: دەترسێم تەڕبوونەکە زۆر کارم تێ بکا؟

**پێشمەرگەی ١**: دڵنیابە برادەر، دوعای خۆشی و سەلامەتیت بۆ دەکەم

**(بارزانی دێتە ژوورێ و پێشـمـەرگەیەکی پیری لەگەڵدایە و دەیەوێ بپەڕێتەوە)**

**پێشمەرگەی ٥**: گەورەم لێی مەپەڕەوە.

**بارزانی**: بۆ؟

**پێشمەرگەی ١**: یەکێک لە بەردەکان لەجێی خۆی دەلەقی و جێگیرنەبووە، ئەوانەی لە ڕووبارەکەش پەڕینەوە هەر هەموویان بەربووینەوە ناوی.

**پێشمەرگە**: بۆ یەکەم کەس کە پەڕییەوە، بەردەکەی لە جێی خۆی بەند نەکرد؟

**(هەموویان بەشـەرمـەوە تەماشـای یەکتر دەکەن، بارزانی خۆی هەڵدەکات و دەچێتە ناو ڕووبارەکە)**

**پێشمەرگە پیرەکە**: گەورەم ئەوە چ دەکەی؟

**پێشمەرگەی ١**: گەورەم... چاوەڕێ بکە

**پێشمەرگەی ٥**: گەورەم من لە جیاتی تۆ قەیم و توندی دەکەم.

**(بارزانی بەردەکە بەباشی لە جێی خۆی جێگیر دەکا و**

**(دەگەڕێتەوە)**

**بارزانی:** فەرموون بپەڕنەوە پێشمەرگەکانی شۆڕش.

**(لە ڕووبارەکە دەپەڕنەوە دەڕۆنە دەرەوە، بارزانی و پێشمەرگە پیرەکە دەمێننەوە)**

**دەنگی پێشمەرگەکان:** (گۆرانی دەڵێن)

بارزانی سەرۆکمانە
مانگ و خۆری ئاسمانە
هێز و بازووی پێشمەرگە
ئاواتی هەمووومانە
باب و برا و کەسمانی
پێشمان کەوە بارزانی
بەور و پڵنگ و شێری
هەڵۆی بەرزی شاخانی

**بارزانی:** (بەگرژییەوە) ئەوە چییە؟

**پێشمەرگە پیرەکە:** گۆرانی بەسەر سەرۆکیانەوە دەڵێن.

**بارزانی:** بەڵام ئەوە نابێ..

**پێشمەرگە پیرەکە:** چۆن نابێ، تۆ پاڵەوان و چاوی میللەتی و...

**بارزانی:** بەڵێ من خزمەتکاری کورد و کوڕی میللەتم، دەی با بگەینەوە پێشمەرگەکان.

**پێشمەرگە پیرەکە:** ئامادەم.

**(دەچنە دەرەوە)**



## دیمەنی هەشتەم

**(هەمان شوێنە، محۆی شوانکارە لەسەر تاشە بەردێک دانیشتووە و بەشمشاڵ ئاوازێکی خەمگین دەژەنێ، لاوێک بەدوودڵی و بەوریاییەوە هەوڵی پەڕینەوەی ڕووبارەکە دەدا محۆی شوانکارەش زەینی لێیە)**

**شوانەکە:** بپەڕەوە ترست نەبێ ئەی لاوە

**(لاوەکە، لە ڕووبارەکە دەرباز دەبێ و لە شوانەکە نزیک دەبێتەوە)**

**لاوەکە:** سوپاس مامەگیان.

**شوانەکە:** بۆ کوێ دەچی ڕۆڵە؟

**لاوەکە:** (بەدوودڵییەوە) دەچمە...

**شوانەکە:** (پێدەکەنێ) بۆ لای بارزانی، ئەدی وانییە؟

**لاوەکە:** (بەسەرسوڕمانەوە) چۆنت زانی؟

**شوانەکە:** بەڕاستی، دەتەوێ بچیە ناو شۆڕش؟

**لاوەکە:** بەڵێ

**(شوانەکە بەگاڵتەجارییەوە پێدەکەنێ)**

مامە بۆ پێدەکەنی؟ چما قسەیەکی وام کردووە مایەی پێکەنین بێ؟

**شوانەکە:** کوڕەکەم پێم بڵێ، بۆ دەترسای بکەویتە ناو ئاوی ڕووبارەکە؟

**لاوەکە:** تاکو تەڕ نەبم.

**(شوانەکە بەگاڵتەجارییەوە پێدەکەنێ بێ ئەوەی ئاگای لێ بێ)**

**لاوەکە:** بۆ پێدەکەنی؟

**شوانەکە:** ئەوجا ئایا شۆڕشگێڕ لە تەڕبوون دەترسێ؟

**لاوەکە:** بێگومان نا، بەڵام لەوە دەترسم تەڕبوونەکە کار لە تەندروستیم بکات و تووشی پەسیو ببم.

**شوانەکە:** ئەوجا لە پەسیو دەترسێی؟

**(پێدەکەنێ)**

**لاوەکە:** نا، بەڵکو لەوە دەترسێم بارزانی لە ڕیزی پێشمەرگایەتی وەرم نەگرێ کاتێ ببینێ نەخۆشم..

**شوانەکە:** (**بێدەنگ دەبێ**) ئەوە ڕاستە کوڕم، ئایا دەزانی ئەوکاتی چ دەکا؟

**لاوەکە:** چ دەکا؟

**شوانەکە:** داوودەرمانت دەداتێ و پێت دەڵێ خوا حافیزت بی کوڕەکەم... تۆ بەباشی بارزانیت نەناسیوە؟

**لاوەکە:** مامە بەڵکو باش دەیناسم

**شوانەکە:** دەیناسی؟

**لاوەکە:** مامە کێ هەیە لە کوردان بارزانی نەناسێ؟

**شوانەکە:** (**باوێشکی دێتێ**) ئای..های.. مەلا مستەفا..

**لاوەکە:** مامە چ ڕووی داوە؟

**شوانەکە:** هیچ

**لاوەکە:** (**بەترسەوە**) ئایا سەرۆک تووشی ناخۆشییەک هاتووە؟

**شوانەکە:** نا کوڕەکەم، دڵنیابە، سەرۆک باش و سەلامەتە، بەڵام..

**لاوەکە:** مامە بڵێ..

**شوانەکە:** گوێ بگرە ڕۆڵە، کاتێ بەبارزانی دەگەی پێی بڵێ، محۆ، محۆی کوڕی مەجید بەرواری، زۆری گازاندە لێ دەکردی..!!

**لاوەکە:** محۆی کوڕی مەجیدی کێیە، مامە؟

**شوانەکە:** منم..

**لاوەکە:** تۆ؟! (**پێکەنینەکەی دەشارێتەوە**)

**شوانەکە:** کوڕە بۆ پێدەکەنی؟

**لاوەکە:** بەڵام....(**پێدەکەنێ**)

**شوانەکە:** بڵێ... دەی بۆ بێدەنگ بووی؟



**لاوەکە:** ئەوجا مامە ئایا بارزانی دەتناسێ؟

**شوانەکە:** حای، هەر دەبێ بمناسێ، ڕۆڵەکەم بارزانی هەموومان دەناسێ، بەڵام گازاندەشی لێ دەکەم.

**لاوەکە:** بۆ؟

**شوانەکە:** لەبەر ئەوەی واز لە کەرکووک دێنێ، گوێ بگرە لاوەکە، کاتێ دەیبینی پێی بڵێ: ئەگەر دەستت لە کەرکووک هەڵگرت ئەوە محۆ هەرگیز بەوە قایل نابێ.

**(لاوەکە پێدەکەنێ)**

کوڕە شەرمە پێمەکەنە، خۆ قسەیەکی عەنتیکەم بۆت نەگێڕایتەوە، من دەربارەی بارزانی دەدوێم.

**لاوەکە:** مامە، بارزانی دەست لە کەرکووک هەڵناگرێ..

**شوانەکە:** چ؟

**لاوەکە:** مامە بڕوام پێ بکە

**شوانەکە:** ئایا تۆ بەڕاستتە؟

**لاوەکە:** ئەدی گوێت لێ نەبووە دەربارەی کەرکووک چی گوتووە؟

**شوانەکە:** چی گوتووە؟

**لاوەکە:** گوتویەتی: (کەرکووک دڵی کوردستانە..)

**شوانەکە:** (**بەشادییەوە**) بەڕاست؟ کوڕە گوێت لێ بێ، تەنیا بەڕاست قسە بکە.

**لاوەکە:** مامە من ڕاستییەکەی دەڵێم، هەروەها گوتوویەتی:

**شوانەکە:** لەمەڕ کەرکووکەوە؟

**لاوەکە:** بەڵێ

**شوانەکە:** بڵێ چی گوتووە؟

**لاوەکە:** گوتوویەتی: کەرکووک هەر بەکوردێتی دەمێنێتەوە تاکو ئەگەر یەک تاقە کوردیشی تێدا نەمێنێ.

**شوانەکە:** (**بەخۆشییەوە**) بەڕاست؟

**لاوەکە:** بەڵێ

**شوانەکە:** (**بۆ ئاسمان خۆ هەڵداوێ**)

دەستت خۆش بارزانی، بەئاغاکەم گوت، بارزانی وا ناکات، بەڵام ئاغا سوور بوو لەسەر ڕایەکەی خۆی و گوتی: مەحۆ، تۆ بارزانی ناناسی هەر دەیکات!! (پێدەکەنێ) منم ئەو کەسەم کە بارزانی دەناسم، گوێ بگرە ڕۆڵە کاتێ چاوت بەبارزانی دەکەوێ پێی بڵێ، مەحۆی کوڕی مەجیدی سەلامت لێ دەکات و نێوچەوانت ماچ دەکات (**لاوەکە ماچ دەکات**) ئەوە بۆ مەلا مستەفایە

**(جارێکی دیکەش ماچی دەکاتەوە)**

ئەوەش بۆ پێشمەرگەکانە.

**لاوەکە:** ئەدی ئەمن؟

**شوانەکە:** (**پێدەکەنێ و لاوەکە ماچ دەکات**) ئەوەش بۆ تۆ، بەخێر بچی ڕۆڵە لەبیر نەکەی سەلامی لێ دەکەیت و ماچی دەکەی...

**لاوەکە:** مامە، بەسەرچاوان

**(لاوەکە دەچێتە دەرەوە، شوانەکە لە خۆشیان بەئاوازێکی خۆشەوە شمشاڵەکەی دەژەنێ و سەری لەگەڵ دەلەرێنێتەوە، چەند لاوێک دەبینێ کە لە ڕووبارەکە دەپەڕنەوە، بەجۆشتر شمشاڵیان بۆ لێدەدا)**



## دیمەنی نۆیەم

(**شوێن: گۆڕەپانێکی فراوانی خانووێکە، لە ژوورەوە دەنگی پێکەنینی بارزانی و کوڕە بچووکەکەی دێ، بارزانی ئۆتۆمبێلێکی بچووک یان پاسکیلێک لێدەخوڕێ، کوڕە بچووکەکەشی لە دواوە دانیشتووە، بەخۆشییەوە هەرجارەی یەکێکیان لێی دەخوڕن، پێشمەرگەیەک دێتە ژوورەوە**)

**پێشمەرگەی** ١: گەورەم

**بارزانی:** چاوەڕێ بکە، ئەوە کوڕە گچکەکە یاری دەکا.

**(یارییەکە تەواو دەبێ، پێشمەرگەی ٢ دێتە ژوورەوە)**

**پێشمەرگەی** ٢: گەورەم، دوژمنەکان..

**بارزانی:** چاوەڕێ کە، کوڕە گچکەکە پێدەکەنێ

**(یارییەکە لەگەڵ کوڕە گچکەکە تەواو دەکا، پێشمەرگەی ٣ دێتە ژوورەوە)**

**پێشمەرگەی** ٣: گەورەم، دوژمنەکان بەرەو ئێرە دێن ..

**(پێشمەرگەی ٤ دێتە ژوورەوە)**

**پێشمەرگەی** ٤: گەورەم، دوژمنەکان بەرەو ئێمە دێن...

**(بارزانی بەبێدەنگی و هێمنی لە کوڕە گچکەکە دوور دەکەوێتەوە و بەڕووی پێدەکەنێ و لەگەڵ پێشمەرگەکە دەچێتە دەرەوە، لە کاتێکدا کوڕە گچکەکە بەخۆشییەوە یارییەکەی تەواو دەکا. لە دەرەوە دەنگی تەقە بەرز دەبێتەوە)**

## بەشی چوارەم

**(هەمان شوێنە، منداڵەکان بەخۆشییەوە یاری دەکەن، لە ناکاو واز لە یاریکردن دێنن، بەسەرسوڕمانەوە ئاوڕ لە چوار دەوری خۆیان دەدەنەوە)**

**سازڤان:** ئەو لە کوێیە؟

**زانا:** خۆی بزر کرد؟

**سامان:** بۆ کوێ چوو؟

**(بەهەموو لایەکی ئەو ناوەدا دەگەڕێن و بانگی بەتلیسی دەکەن)**

**میران:** محەمەد تۆ بۆ بێدەنگی؟

**سامان:** بۆ وەکو ئێمە بانگی بابە بەتلیسی ناکەی؟

**محەمەد:** بابە بەتلیسی؟

**سامان:** بەڵێ

**محەمەد:** واتێدەگەم بابە بەتلیسی وەڵامتان ناداتەوە.

**منداڵەکان:** بۆ؟

**محەمەد:** لەبەر ئەوەی خەونێک بوو...

**منداڵەکان:** خەونێک بوو؟

**محەمەد:** بەڵێ

**(بەسەرسوڕمانەوە تەماشای یەکتر دەکەن و بەگوێی یەکدا دەچرپێنن)**

**سۆلین:** خەونێک بوو..

**زانا:** بەڵام بەو هەردوو چاوانەی خۆم دیتم.

**میران:** پیاوێکی پیر بوو؟

**سازڤان:** ڕدێنێکی سپی هەبوو.

**سامان:** هەگبەیەکیشی هەڵگرتبوو.



**زانا:** ماقووڵ نییە..

**محەمەد:** بەڵکو ماقووڵە... برادەر

**سۆلین:** **(کتێبی بارزانی دەگرێتە دەست و بۆ ئاسمان بەرزی دەکاتەوە)** بەڵکو ماقووڵ نییە برادەر... تەماشاکە

**منداڵەکان:** ئەوە چییە؟

**سۆلین:** دیارییەکە.

**منداڵەکان:** دیارییەکە...

**سۆلین:** ژیننامەی بارزانی

**محەمەد:** ژیننامەی بارزانی..؟

**سازڤان:** محەمەد ئایا لەبیرت چوو؟

**محەمەد:** نا...

**میران:** محەمەد نا.. یان بەڵێ..؟ ڕاست و ڕەوان بڵێ..

**محەمەد:** گوێ بگرن.

**(لاسایی بەتلیسی دەکاتەوە)**

مەلا مستەفای بارزانی پاڵەوان، کوڕی محەمەدی کوڕی شێخ عەبدولسەلامی کوڕی تاجەددینی بارزانییە، لە (بارزان)ی سەر بەهەولێر لە ساڵی ١٩٠٣ لە دایک بووە و لە یەکی ئاداری ساڵی ١٩٧٩ کۆچی دوایی کردووە. هەروەها کاتێ فێرە خوێندەواری بوو ئەو...

**(منداڵەکان چەپڵە بۆ محەمەد لێدەدەن)**

ئایا تەواوی بکەم؟

**سامان:** تەواوی بکە..

**محەمەد:** تەواوی دەکەم بەڵام بەمەرجێ؟

**منداڵەکان:** ئەو مەرجە چییە؟

**محەمەد:** ئەو کتێبە ببێتە هی من.

**منداڵەکان:** چ؟!

(منداڵەکان بەرەو سۆلین هەڵپەدەکەن، تاکو کتێبەکەی لێ بستێنن)

**زانا:** بەڵکو دەبێ بۆ من بێ..

**سازڤان:** بەڵکو دەبێ بۆ من بێ..

**میران:** ئەوە بۆ منە...

**سۆلین:** نایدەمە هیچ یەکێکتان..

**سامان:** وس، برادەران بێدەنگ بن.

**منداڵەکان:** چ ڕووی دا؟

**سامان:** تەماشاکەن...

**(پەنجە بۆ جێگایەکی دوور درێژ دەکا، هەموویان تەماشای دەکەن)**

**زانا:** ئەوە ڕۆناکییە.

**سامان:** بەڵێ

**سۆلین:** بەڵام دوورە.

**سامان:** بەڵێ

**سازڤان:** برادەران ئەوە بەرەو لای ئێمە دێ...

**(بەدیقەتتر تەماشای دەکەن)**

**محەمەد:** ئا ئەوە خۆیەتی...

**میران:** وس

**منداڵەکان:** چ ڕووی دا؟

**میران:** هەڤاڵان باش گوێ بگرن...

**(هەموو بەئاگاییەوە گوێ دەگرن)**

**زانا:** ئەوە دەنگی گۆرانییە

**میران:** ڕاست دەکەی

**سازڤان:** ئەوە کێیە؟

**میران:** ئەوە هەوە، خۆیەتی برادەران...



**منداڵەکان:** کێ؟

**میران:** نەورۆز

**منداڵەکان:** نەورۆز؟

**میران:** بەڵێ هەڤاڵان نەورۆز بەرەو لای ئێمە دێ، گوێ بگرن... تەماشاکەن.

**(گوێ دەگرن، لە دوورەوە دەنگی گۆرانیی بەرەو لایان دێو منداڵەکان وشەکانی گۆرانییەکە دەڵێنەوە و گۆرانیی دەڵێن و شایی دەکەن)**

**کۆتایی**

قامشلی
٢٠٠٢/١١/٦
**١٥ی گەلاڕێزانی ٢٧٠٢ کوردی**

**دەرهێنەر، دەتوانێ هەر سروود و گۆرانییەکی بەپەسند بزانێت بۆ کۆتایی شانۆگەرییەکەی هەڵبژێرێت، بەڵام منیش لەلای خۆمەوە ئەم شیعرەی خۆمم تەرخان کرد بۆ ئەم کۆتایییە.(وەرگێڕ)**

## نەورۆز

پیرۆزە پیرۆز، نەورۆزتان لێ پیرۆز
جیهانی ڕووناک کرد، بڵێسەی نەورۆز
مەشخەڵی دەستی، میللەتێکی تووڕە
هەناسەی پڕ سینگی بابەگوڕگوڕە
خەنجەرەکەی بەر پشتێنی بارزانی
لێبووردەیی و سەنگەر و تێکۆشانی
چرای مێژووی، ناو هزر و ئەقڵمانە
خورپەی خوێنی، پاک و گەرمی دڵمانە
هاوار و نرکەی، سەنگەری پێشمەرگە
لایەلایەی، خەونێکی ڕەنگاوڕەنگە
منداڵانی کوردستانی ئاشتیخواز
مایەی دواڕۆژی ژیانێکی سەرفراز
من نەورۆزم، لەمێژە دێم، بەڕێوەم
بۆ باوەشتان دێم، نووچ نادەم، بەپێوەم
تا لە نیگای چاوتانا تێر بخەوم
منیش لە سایەی خۆشیتان بسرەوم

٢٠٠٢/١٢/٢٢



## نووسەر لە چەند دێڕێکدا

* ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل.
* لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری قامشلی، سوریا ، لە دایک بووە.
* لە بواری پەروەردە و فێرکردن کار دەکا.
* ئەندامی کۆمەڵەی شانۆیە لە یەکێتی نووسەران (دیمەشق)
* لە زۆربەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ناو سوریا و دەرەوەی سوریا بەرهەمەکانی بڵاودەکاتەوە.
* زۆر لە شانۆگەرییەکانی بەکوردی و عارەبی نمایش کراون

**ئەم بەرهەمانەی بڵاوکراینەوە:**

١- شانۆی بەئومێد کراومان (دەستپێکی لێکۆڵینەوەی شانۆییە) دیمەشق ١٩٩٧.
٢- کاتێک شەمدینۆ گۆرانی دەڵێ (شانۆگەریی) دیمەشق ١٩٩٩.
٣- تۆبەی ڕێوی (شانۆگەریی بۆ منداڵان)، دیمەشق ٢٠٠٠ .
٤- سەمای ئاشق (کۆمەڵە چیرۆکێکە)، شاریقە ٢٠٠١ .

**ئەو بەرهەمانەی ئامادەی بڵاوکردنەوەن:**

- کێڵگە عاسێکە (شانۆگەرییەکی منداڵانە) ئەبو زەبی.
- کەلێن (شانۆگەرییەکە بۆ مێرمنداڵان) دیمەشق

**چەندین خەڵاتی وەرگرتووە، لەوانە:**

- بەکۆمەڵە چیرۆکی (سەمای ئاشق) ساڵی ٢٠٠٠، خەڵاتی ئەلشاریقەی ئەفراندن، لە میرنشینە یەکگرتووەکانی عارەبی وەرگرتووە.
- لە (شانۆگەریی کێڵگە عاسێکە) ساڵی ٢٠٠١ خەڵاتی ڕۆشنبیریی منداڵی عارەبی، میرنشینە یەکگرتووەکانی عارەبی، لە ئەبو زەبی وەرگرتووە.
- لەگەڵ چەندین خەڵاتی دیکەی ناوخۆیی...



## ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| پێشکەش | 5 |
| پێشەکی نووسەر | 7 |
| داستانی بارزانی | 9 |
| کەسایەتییەکانی ئاستی یەکەم | 13 |
| کەسایەتییەکانی ئاستی دووەم | 14 |
| بەشی یەکەم | 15 |
| دیمەنی یەکەم | 26 |
| دیمەنی دووەم | 27 |
| دیمەنی سێیەم | 31 |
| بەشی دووەم | 35 |
| دیمەنی چوارەم | 42 |
| دیمەنی پێنجەم | 46 |
| دیمەنی شەشەم | 47 |
| بەشی سێیەم | 51 |
| دیمەنی حەوتەم | 56 |
| دیمەنی هەشتەم | 60 |
| دیمەنی نۆیەم | 64 |
| بەشی چوارەم | 65 |
| نووسەر لە چەند دێڕێکدا | 71 |